# له ئەرشیفی شارەوە

## کتێبی یەکەم

# یەحیا ئەفەندیی وێنەگر

ئامادەکردنی
ڕەئووف شێخ جەمیل

بە هاوکاریی
سالار یەحیا ئەفەندی



**ناوی کتێب: یەحیا ئەفەندیی وێنەگر**

**ئامادەکردنی: ڕەئووف شێخ جەمیل**

**پیتچنین و دیزاینی بەرگ و ناوەوە : شیروان عیزەت محەمەد ساڵح**

**تیراژ : ٥٠٠ دانە**

**نرخ : ٣٠٠٠ دینار**

**چاپخانە :** شڤان

**ژمارەی سپاردن : ( ١١٧٩ ) ساڵی ٢٠١٧**



# ئەم کتێبە پێشکەش بێت

*بەو کەسانەی کە خەمخۆری ئەم شارەن و بەدڵ و بەگیان خزمەتی دەکەن.

*بەو شەهیدانەی لە پێناوی سەربەرزی شاری سلێمانی دا گیانی خۆیان بەختکردووە.

*بە کاک ئەکرەمی سالّحی ڕەشە، خەمخۆری شار، یەکەم کەس بوو لە سەر شاری سلێمانی کتێبی نووسی.

*بە کاک جەمال بابان کە بەدڵ و گیان تێدەکۆشێ بۆ شاری سلێمانی، چەند کتێبێکی لە سەر شاری سلێمانی نووسیوە.

*بە کاک جەمال لۆلۆ، هەمیشە خەریکەو شەو و ڕۆژی خستوەتە سەر بۆ کۆکردنەوەی وێنە و ژیاننامەی ناودارانی سلێمانی.

*بە مامۆستا ئەحمەد حسێن ئەحمەد سەرنووسەری گۆڤاری (سلێمانی) بە دڵ و گیان هەوڵدەدات بۆ نووسینی بەنرخ و وێنە کۆنەکانی شار.

*بە مامۆستا جەعفەر، کەکتێبێکی نایابی لە بارەی مێژووی سلێمانییەوە نووسیوە.

*بە کاک ئاسۆی عومەر سوارە کە هەمیشە سەرقاڵی بینینی ناودارانی شار و چاوپێکەوتنیانە لە شاشەی تەلە فزیۆن.


*بە کاک عومەر مەحوی کە هەمیشە سەرقاڵی نووسین و کۆکردنەوەی زانیارییە سەبارەت بە بنەماڵەکانی شار.


*بە مامۆستا عەبدولخالد سابیر کە تا ئێستا چەند کتێبێکی نایابی لەسەر بنەماڵەی شار و وێنەکانی شار هەیە.

*بە مامۆستا ئاکۆ شوانی، کە دوو کتێبی لەسەر شاری سلێمانی نووسیوە.

*بە بنکەی ژین، مامۆستا ڕەفیق سالّح و کاک سدیق، کە شەو و ڕۆژ سەرقاڵی کۆکردنەوە و پاراستنی گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێبی بەنرخن بۆ نوێکردنەوە و لە چاپدان و پاراستنیانن و هەزارەها کتێب و ڕۆژنامەیان لە فەوتان پاراستووە، جێگای پێزانینن.







# دەستپێک

لەو ڕۆژەوەی بیرم لەم نووسینە کردۆتەوە دەربارەی پیاوی ناوداری شارەکەمان (یەحیا ئەفەندیی وێنەگر)، دەیەها جار خۆزگەم خواستووەو وتوومە لە جیاتی من یەکێکی کارامەتر بوایە و دەستی بدایەتە ئەم ئیشەو... کارێکی جوانی ئەنجامبدایەو حەقێکی پڕ بەپێستی خۆی بدایە بەم پیاوە نەمرە، کە خزمەتێکی گەورەی ئەم شارەی کردووە بە خۆیی و چاوی کامێراکەیەوە، بەدەستە ڕەنگینەکانی خۆی وێنەی پیاوە ناودارەکان و ئافرەتان و چینی هەژار و دەوڵەمەند و گەورە و بچووکی ئەم شارەی گرتووە، تا ئێستا کۆمەڵێکی زۆر لەو کەسانە وێنەکانیان پاراستووە و وەکو یادگارییەکی کۆن هەڵیانگرتووە، هەر کاتێکیش پرسیاریان لێبکەی ئەم وێنەیەتان چۆن گرتووە و کەی گرتووتانە؟ ڕاستەوخۆ ئەڵێن ساڵی ئەوەندە ئەم وێنەیەمان لای یەحیا ئەفەندیی گرتووە، کە ئەو کاتە دووکانەکەی لە پشتی بانکی ڕەشیدەوە بوو، یان ئەڵێ لای بازاڕی عەسری ژێر بەلەدییە کۆنەکە، بەسەرهاتی خۆیان ئەگێڕنەوە چۆنیان گرتووە، کەواتە ئەم پیاوە مێژوویەکی دوور درێژی بۆ ئەم شارە خۆشەویستە جێهێشتووە وەکو خۆی هەمیشە بۆ منداڵەکانی دەگێڕایەوە، خۆم ئەڕۆم بۆ ماڵان بۆ لای گەورە پیاوان و ژنانی بەناوبانگی ئەم شارە بۆ ئەوەی وێنەکانیان بگرم و لە ئەرشیفی خۆما بیانپارێزم بۆ ڕۆژگاری خۆی، چونکە ڕۆژێ دێت نەوەکانی دوای خۆمان سوودی لێ دەبینین.

یاخود کۆمەڵێک وێنەی خانوو و قوتابخانە و مەیدانی دارفرۆشان و مزگەوتی گەورە و شەقام و شوێنە گشتییەکانی گرتووە بۆ یادگاری، بەوەشەوە نەوەستاوە چەندەهای لێ کۆپیکردوون لە بۆنەو مناسەبەکان دا فرۆشتوونی، هەم خەڵک سوودیان لێ بینیوە و لای

خۆیان پاراستوویانە هەم ئەویش بۆ بژێوی ژیانی خۆی سوودی لێ بینیون، ئەو وێنانە لە چەندەها ماڵی ئەم شارەدا ماونەتەوە و پارێزراون و دەستاودەستیان کردووە هەتا ئامێرو مەکینەی پێشکەوتوو پەیدابووە، ئەمڕۆ بەشێوەی زۆر جوان ئەلبوومیان لێ دروست دەکرێ و چەندەها کتێب و نوسخەی لێ چاپ دەکەن و پێشکەشی هاووڵاتیانیان دەکەن، یاخود ئێستا لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی فەیسبووک چەندەها پەیجی جیاجیا هەیە بە ناوی وێنە دێرینەکانی شارەوە پێشکەشی دەکەن.

یەحیا ئەفەندیی بەهۆی کاری وێنەگرتنەوە زۆر شاری عیراق گەڕاوە، وەکوو موسڵ و هەولێر و کەرکوک و بەغداد، پاشان لە شاری سلێمانی جێگیربووە تا کۆچی دوایی کردووە، هەر لە سلێمانی ماوەتەوە هەتاکو ئێستا نەوەکانی هەر لەم شارەدا دەژین.

نازناوی یەحیا ئەفەندیی (یەحیا حیلمی) بووە هەروەک مۆر لە لای خوارووی چەند وێنەیەک دەبینرێ، هەر خۆشی بەخەتێگی گەورە لای خوارووی وێنەکان ناو و شوێنی ئەو وێنانەی نووسیوە و لە گۆشەیەکی خوارەوە نووسیویەتی (یەحیا حیلمی) بۆ ناسینەوەی ئەو وێنەیە.

وەک باس دەکەن ئەوکاتە تەنها دوو وێنەگر هەبوون لەم شارەدا، یەحیا ئەفەندیی و مەحمود ئەفەندیی کە ئەمانە لە شاردا دوو وێنەگری بەناوبانگ بوون و کاری وێنەگرتنیان کردووە، هەر ئەم دوو کەسەش بوونەتەهۆی زیندووکردنەوەی چەندەها پیاوی بەناوبانگ و شوێنە گشتییەکان و شاری سلێمانی، بەهۆی کاری وێنەگرتنیانەوە چەندەها پیاوی بەناوبانگی ئەم شارەیان ناسیووە، لە چاوپێکەوتنێکی شەهید فەهمی قەرەداخی لەگەڵ یەحیا ئەفەندی خۆی دانی پیا دەنێ کە مەحمود ئەفەندی پێش یەحیا ئەفەندی دەستبەکار بووە بۆ وێنەگرتن، بەڵام لەگەڵ رێزما بۆ مەحمود ئەفەندی و کارە




جوانەکانی، من تەنها دەتوانم لەسەر یەحیا ئەفەندی بنووسم چونکە باسەکەمان لەسەر ئەوە.

یەحیا ئەفەندی کە زۆربەی خەڵکی ئەم شارە بە یەحیافەنی دەیناسن، وشەی ئەفەندی زاراوەیەکی تورکیە وەختی خۆی لە سەردەمی عوسمانییەکانا بەکەسانی خوێندەوارو و پیاوە گەورەکانیان وتووە، ئەو کەسانەش کە کاربەدەست بوون لە دائیرەکانا جلی رەسمی دەوامیان بریتی بووە لە چاکەتو پانتۆڵ و سدارە پێیان وتراوە ئەفەندی واتە (ڕێزدار)، هەر کەسێکیش ئەو سەردەمە چاکەت و پانتۆڵی لە بەربکردایە، جیا دەبۆوەوە لە جلی کوردی خۆماڵی، ئەتوانم بلێم ئەو کەسانەی جلی چاکەتو پانتۆڵیان لە بەرکردووە پێیان وتوون (ئەفەنی)، یەحیا ئەفەندیش کاتێک روویکردۆتە ئەم شارە هەر بەجلی چاکەتو پانتۆڵ و سدارەوە بینراوە، خۆشی پیاوێکی پێشکەوتوو خۆش مەشرەب بووە، چەندەها زمانی زانیوە، وەکو عەرەبی و فارسی و تورکی و هیندی و ئینگلیزی و زمانی قەرەج و زاراوەی خانەقینیش.

لە سەردەمی ئینگلیزەکانا وەرگێڕی ئینگلیزی بووە بۆ کوردی وەکو لە دەمی نەوەکانی و خەڵکم بیستووە، ئەڵێن کاتێک ئینگلیزەکان لە سلێمانی و عیراقدا حوکمیان کردووە ئەمیش ئەفسەر بووە لە سوپاکەیانا بە حوکمی ئەوەی خوێندەوارو زمانزان بووە، بە جلی ئەفسەرییەوە هەڵس و کەوتی کردووە، بەو هۆیەوە وشەی یەحیا ئەفەندیان بەسەردا بڕیوە، وەکو باسیشی دەکەن لە ژیانیا جلی کوردیی لە بەرنەکردووە، تەنانەت بۆ هیچ بۆنەو ئاهەنگێکیش.

بۆ ڕوونکردنەوەش لەسەر وشەی (وێنەگر) زۆر ناویان بە یەحیا ئەفەندی وتووە، وەکو یەحیا ئەفەندی ڕەسام، یەحیا ئەفەندی ڕەسمچی، یەحیا ئەفەندی مصور، بەڵام ئێستا من وشەی وێنەگرم دانا بۆ ناونیشانی ئەم کتێبە (یەحیا ئەفەندیی وێنەگر)، لە بەرئەوەی



نەوەی ئەمڕۆ هەموویان ئەڵێن (وێنە) بۆیە بەباشم زانی وشەی (وێنەگر) بەکاربهێنم.

نامەوێ زۆر بچمە ناو بەسەرهاتی ژیانی و روونکردنەوەی بنەماڵەکەی، چونکە کوڕەکانی و کچەکانی هەریەکەیان بەشێوەیەک ژیانیان خستووەتەڕوو، من وەکو خۆم لەگەڵ چەندەها پیاوی بەتەمەنی رۆشنبیری ئەم شارە قسەم کردووە دەربارەی ژیانی یەحیا ئەفەندی، هیچ کەسێک باسی خراپەی ئەم پیاوەی نەکردووە، هەموو ئەڵێن پیاوێکی بێدەنگی کەمدووی رۆشنبیر و زیرەک بووە، هەمیشە لەگەڵ کامێراو وێنەگرتن خەریک بووە، زۆربەی رۆشنبیران و شاعیران سەردانیان کردووە، هاوڕێی بێکەس و قانیع و زێوەر و ئەحمەد حەمدی و زۆربەی شاعیرەکان بووە، زۆر هاوڕێی شێخ مەحمودی نەمر بووە بەڕادەیەک کە گاڵتەو گەپ و شەڕە جنێویشیان لە نێواندا بووە.

لە ڕووی ئەدەبیاتیشەوە، یەحیا حیلمی لە تافی لاویدا هەمیشە خەریکی خوێندنەوە بووە و دیوانێکی شیعریشی هەبووە، هەرچەندە دوایی لە باسی شیعرەکانیا دێمەوە سەری، بەڵام بەداخەوە ئەبوایە ئەم پیاوە لە تەمەنی پیریدا بیرەوەری خۆی بنوسیایەتەوە، بەسەرهاتەکانی ژیانی خۆی باس بکردایە بەتایبەتی چۆنیەتی فێربوون و ئارەزووی وێنەگرتن، وەکو چۆن مامۆستا عەلی مەردان لە کۆتایی تەمەنیدا بیرەوەرییەکانی خۆی نووسیەوە و گۆرانیەکانی هەمووی بۆ چاپکرا لە لایەن عەبدولقادری کوڕییەوە.

کێ ناڵێ ئەمیش بیرەوەری نەنووسیووە، بەڵام بەهۆی بارودۆخ و کەمتەرخەمی منداڵەکانیەوە نەفەوتاون وەکو کچە گەورەکەی لە بیرەوەرییەکانیدا لەم کتێبەدا باسی دەکات، ئەڵێ باوکم لە ژیانیا چەرمەسەری زۆری بەسەرهاتووە چەندەها جار تووشی گرتن هاتووە بەتایبەتی لە زەمانی زەعیم سدیقدا کە گیراوە و دوایی چوونەتە

سەر دوکانەکەی و هەموویان تالآن کردووە.
ئەگەر بێینە سەر لایەنی کۆمەڵایەتی وەکو منداڵەکانی ئەیگێڕنەوە جگەرەخۆر بووە و لە سەردەمی لاویشدا خواردنەوەی کهولی هەبووە بە حوکمی ئەوەی لەگەڵ ئینگلیزەکاندا ژیاوە و هەمیشە لەگەڵ بنەماڵەی شێخانی سلێمانیدا کۆڕیان گەرم کردووە.
یەحیا ئەفەندی لە ماوەی ژیانیدا سێ ژنی هێناوە ئەو باسەش لە بەشێکی ئەم کتێبەدا لە لایەن بەڕێز مامۆستا عەتا قەزازی کچەزای یەحیا ئەفەندی و کاک سالاری کوڕی و هەردوو کچەکەیەوە نەسرین خان و سەباح خانەوە دەخرێتەڕوو، هەر لەم کتێبەدا چەند کەسێکی ڕۆشنبیری ئەم شارەش ڕوونکردنەوەیان لە سەر نووسیوە و بەتایبەت چاوپێکەوتنەکەی شەهید فەهمی قەرەداخی کە لە هاوکاریدا بڵاوی کردۆتەوە، دان پیانانەکانی یەحیا ئەفەندی هەمووی خستۆتەڕوو.

## بەخشندەیی و کاری خێرخوازیی یەحیا ئەفەندی

وەک نەوەکانی خۆی دەیگێڕنەوە یەحیا ئەفەندی کاری چاکەی زۆر بووە، یەکەم کاری چاکەی ئەوەبووە لەو سەردەمەدا خەڵک زۆر هەژار بووە، دەستی خەڵکی هەژاری گرتووە بەتایبەت لە کاتی وێنەگرتندا، هەرکەسێ پارەی پێ نەبووبێ یارمەتیداوە و بێ بەرامبەر وێنەی بۆ گرتووە، کۆمەڵێک گەنج و خەڵکی ئەم شارەی فێری وێنەگرتن کردووە و پاشان بۆ خۆیان دووکانی وێنەگرییان داناوە وەک شێخ مستەفا و نوری و عوسمانی وێنەگر.
وەک نەوەکانی دەیگێڕنەوە ژنی دووەمی کە هێناویەتی لە شاری وانەوە بۆ سلێمانی زیاتر رزگاری کردووە لە نەبوونی زوڵم و زۆری ژیان، بەڕێکەوت ئەم ژنەی (جەمیلە خان) منداڵی نابێت، بەڵام ڕۆژێ خەبەردەدەن بە یەحیا ئەفەندی کە منداڵێکی تازەبوویان



لەبەر مزگەوتی گەورە بەبێ خاوەن دانـاوە، یەحیا ئەفەندیش دەڕوات هەڵیدەگرێتەوە و لە مردن رزگاری دەکات و دەیباتەوە بۆ جەمیلە خان، بەیەکەوە بەدڵێکی فراوان بەخێوی دەکەن و دەیکەن بەمندالّی خۆیان ناوی دەنێن (نەسرین) هەرچەندە لە دوای شەش حەوت ساڵێ باوکی منداڵەکە دەڕوات بۆ ماڵی یەحیا ئەفەندیو بەسەرهات و نەبوونی خۆی بۆ دەگێڕێتەوە کە لە وکاتەدا دوو کچی بووە یەکێکیانی بۆ بەخێو نەکراوە، کابرا تکای لێدەکات بێداتەوە، بەڵام منداڵەکە ناڕواتەوە و دەبێتە کچی جەمیلە و یەحیا ئەفەندی و گەورە دەبێت و دەیخەنە قوتابخانە و دەبێتە کچە گەورەی ماڵ و هەروەکو ئەندامێکی ئەو ماڵە، پاشان دەیدەن بەشوو ئێستا لە ژیانا ماوە و خاوەنی چەند منداڵێکە کە لەگەڵ بیرەوەری خۆیا وێنەکانی دەخەمەڕوو.

وەک بەڕێز مامۆستا (عەتا قەزاز) بۆی گێڕامەوە، ئەڵێ باپیرم واتە یەحیا ئەفەندی بەناو ئێرانا گوزەر دەکا و لە شارێکی ئێران کوڕێکی مێردمنداڵی بێ کەس و کار دەبینێت، دەکەونە قسە، کوڕەکە زۆر بێ دەرامەت دەبێ، یەحیا ئەفەندی پێی ئەڵێ ئەگەر لەگەڵ من دێی بۆ سلێمانی سەرپەرشتیت دەکەم و دەستت دەگرم، ئەویش لەگەڵی دێت بۆ سلێمانی هەتا کوڕەکە گەورە دەبێت و فام دەکاتەوە، ئینجا ژن دەهێنێت و خێزان دروست دەکات، ئەڵێن ئێستاش هەر لەم شارەیە.

ئەگەر بێت و بکەوینە باسی لایەنی چاکە و هەڵسەنگاندنی کارەکانی یەحیا ئەفەندی سەیردەکەین ئەوانە هەمووی کاری چاکەبوون لە ماوەی ژیانیدا کردوونی، جگە لە فێرکردنی چەندەها گەنجی ئەو سەردەمە کەفێری زمانی ئینگلیزی کردوون.

# یەحیا ئەفەندی و پەروەردەکردنی ئاژەڵ

هەموو کەسێک لەم شارەدا کە لەو سەردەمەدا ژیابێ دەزانێ یەحیا ئەفەندی زۆر حەزی لە پەروەردەکردنی سەگ بووە.
ئەوکاتە ئینگلیزەکان سەگێک دەدەن بە یەحیا ئەفەندی ئەویش لەگەڵ خۆی رایدەهێنێت، وەک ئەورووپی فێری هەڵسوکەوتی دەکات و زەمیلەیەک دەبەستێ لە پشتی و دەڕوات بۆ بازاڕ هەرچی پێویستی ڕۆژانەیماڵەوەیە دەیکڕێ و بە سەگەکەیا دەینێرێتەوە بۆ ماڵەوە، سەگەکەش ناوی (قەستۆر) بووە، کە ئەویش هەر لەم کتێبەدا روونکردنەوەی تەواو لە بارەوە دەدەین بەدەستەوە کە کاک (عومەری کەریم ئاغا)ەوە کە لەسەری نووسیووە.
وەک جەمیلەخانی هاوسەری یەحیا ئەفەندی دەیگێڕێتەوە ئەڵێ: یەحیا ئەفەندی زۆر حەزی لە ڕاو بووە، ئەسپێکی رەسەنی بووە و من و یەحیا ئەفەندی هەردووکمان بەسواری ئەو ئەسپە ئەڕۆیشتین بۆ ڕاو بۆ قەراخی شار کە ئەوسا هەمووی دەشت بوو، هەروەها سەگی ڕاوی هەبووە لەگەڵ خۆمان دەمانبرد بۆ ڕاو سەگەکەش ناوی (بۆنزۆ) بووە، کەدوایی باسی ئەوانەش دەکەین لە بیرەوەری مناڵەکانیا.

## لایەنی سیاسی

یەحیا ئەفەندی بە حوکمی کارەکەی و چاوی کامێراکەی، تێکەڵی کۆمەڵ و لایەنە سیاسییەکان بووە و پەیوەندی و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی هەبووە لە گەڵیان، کاری لەگەڵدا کردوون بەتایبەتی بنەماڵەی شێخانی سلێمانی.
کێ ناڵێ کاتێ سمایل خانی سمکۆ هاتووە بۆ ئەم شارە یەحیا



ئەفەندی وێنەکانی نەگرتوون؟ یاخود مەحمودخانی دزڵی کە هاتووە بۆ ئەم شارە یەحیافەنی وێنەی گرتووە، هەتاکو ئێستا فلیمەکەی ماوە و بەقەد پۆست کارتێک دەبێت.

بەهۆی گرتنی وێنەی ناودارانی ئەم شارەوە تووشی گەلێک چەرمەسەری بووە، یاخود بەهۆی زمانزانینی ئینگلیزییەوە وەرگێڕی ئینگلیزەکان بووە، تەنانەت خەڵک تۆمەتی جاسوسییان بۆ هەڵبەستووە و دوایی لە سەردەمی مەلیکیەتدا گیراوە و ئەمری لە سێدارەدانی بۆ دەرچووە، کە بەتکای جەمیلە خانی ژنی ئازاد دەکرێ، ماوەی دوو ساڵ لە بەندیخانەی مووسڵ ژیانی بردووەتەسەر و ماوەیەکی زۆریش دەستبەسەر بووە لەشاری بەغدا، هەروەکو کەسوکارەکەی روونکردنەوەی لەسەر دەدەن لەم کتێبەدا.

***　　　***　　　***

ئەم چەند لاپەڕەیە روونکردنەوەیەکی کەمی خۆم بوو دەربارەی یەحیافەنی بۆ پێشەکی ئەم کتێبە.

تکام هەیە هەر کەسێکی ئەم شارە خۆشەویستە چی دەربارەی یەحیافەنی دەزانێ و زانیاری باشیان لا هەیە، یان بڵاوی بکاتەوە چ لە فەیسبووک یان گۆڤارێک بۆ دەوڵەمەندکردنی ژیانی و کارەکانی ئەو پیاوە نەمرە، یاخود بۆم بنێرێ بەژمارە تەلەفۆنی (٠٧٧٠١٥٣٩٣٨٣).

**ڕەئووف شێخ جەمیل**

**٢٠١٦/١١/١٥**

# کورتەیەک لە ژیاننامەی یەحیا ئەفەندی

* یەحیا سەعید کەریم ئاغا، ناوی باپیرەگەورەی ئیسماعیل ساڵی (١٨٨٩) لە ناوچەی خانەقین هاتووەتە دنیاوە لە خێزانێکی خوێندەوار و ڕۆشنبیر بووە، بۆیە هەر بەمنداڵی دەخرێتە بەرخوێندن.

* لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا دەبێتە ئەفسەری سوپای ئینگلیز و بەشداریی جەنگ دەکات، بەپێی ژیاننامەی ئەبێت لە سالآنی (١٩١٠ بۆ ١٩١٥) بەدواوە ژنی یەکەمی هێنابێت، مامۆستا عەتا قەزاز ئەڵێ: نەنکم ئامینەی ژنی یەحیا ئەفەندی خوشکی حەمەئاغای عەتارە کە پیاوێکی بەناوبانگی سلێمانییە، یەحیا ئەفەندی لەم ژنەی تەنها یەک کچی هەبووە بەناوی لوتفیەوە.

* لە ساڵی (١٩٢٤) ڕوو دەکاتە سلێمانی و بە کاری وێنەگرییەوە خەریک دەبێ.

* لە سالآنی سیدا لوتفیەی کچی شوو دەکات بە مستەفا قەزاز، لوتفیە سێ کوڕ و یەک کچی دەبێت بەناوی لەتیف قەزاز، عەزیز قەزاز، عەتا قەزاز، کچەکەش بە ناوی سوبحی.

* بەپێی پاسپۆرتەکەی (١٩٣٦) ئەڕوات بۆ تورکیا بەمەبەستی سەفەر لە شاری وان چاوی بەئافرەتێک دەکەوێ بەناوی جەمیلەوە، ڕازی دەکات بۆ هاوسەرگیری و لەگەڵ خۆی دەیهێنێت بۆ سلێمانی، بەڵام جەمیلە بەڕێکەوت منالّی نابێت، ئەمیش منداڵێک کە کچ دەبێت بەمنداڵی هەڵی دەگرێتەوە و دەیکات بەکچی خۆی و ناوی دەنێت (نەسرین).

* ساڵی (١٩٤٨) ژنی سێیەم دەهێنێت لە خانەقین بە ناوی ئایشێ، لە م ژنەش سێ کوڕ و سێ کچی دەبێ، کوڕەکان بەناوی سەلاح، سەردار، سالار، کچەکانیش بە ناوی سەباح، نەجات، سوعاد.

* یەحیا ئەفەندی لە ماوەی ژیانیدا زۆر حەزی لە گەڕان و گەشتوگوزار

بووە، چەند شارێکی تورکیا و ئێران و عیراق گەڕاوە، لە بەغدا و هەولێر و کەرکوک و سلێمانی، دووکانی وێنەگریی هەبووە.

* بەتوهمەی جاسوسی لە زەمانی مەلیکیدا دەگیرێ‌و ئەمری لە سێدارەدانی بۆ دەردەچێت، پاشان بە تکای جەمیلەخانی ژنی ئەمرەکەی دەگۆڕن بە دوو ساڵ زیندانی و دوو ساڵ دەستبەسەری، دوو ساڵ زیندانی لە مووسڵ تەواو دەکات و دوو ساڵ دەستبەسەری لە بەغدا، پاشان دەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی.


* دۆستی خۆشەویستی خێزانی حەفید و شێخ و حەفسەخان دەبێت، دۆستایەتی و هاوڕێیەتی لەگەڵ زۆربەی ڕۆشنبیران و شاعیرانی ئەم شارەدا هەبووە، لە ماوەی ژیانیدا چەندەها کەسی فێری ئیشی وێنەگرتن کردووە. وە چەندەها کەسی فێری زمانی ئینگلیزی کردووە، لە ژیانیدا زۆر حەزی بەڕاووشکار کردووە، حەزی زۆر لە ئەسپ‌و سەگ بووە.

* لە ساڵی (١٩٢٤)وە تا کۆچی دوایی وێنەی چەندەها پیاوی بەناوبانگ و ژنانی ئەم شارەی گرتووە، خاوەنی دیوانێکی شیعر بووە، بەڵام تەنها حەوت پارچە شیعر لە دیوانەکەی دەرچوون.

* لە دوای ململانێ و زۆرانبازی لەگەڵ ژیاندا لە ساڵانی حەفتادا نەخۆشی و پیری تەنگی پێهەڵدەچنن و لەناو جێگا دەکەوێ و تاقەتی ئیش و کاری نامێنێت، لە (١٩٧٦/١٠/٩) مەرگ بەرۆکی پێدەگرێ و لە گۆڕستانی گردی سەیوان بەخاک دەسپێردرێ.

**تێبینی:** ئەم ژیاننامەیە لە چەند نووسینێکی بنەماڵەو دانپێنانی یەحیا فەنی و نووسینی چەند کەسێکی ناودار و ڕۆشنبیری ئەم شارە و یادەوەری مامۆستا عەتا قەزاز و سالاری کوڕی و کچەکانی پوختەیەک‌و کورتەیەکم هەڵبژارد بۆ ناساندنی خوێنەرانی بەڕێز.

# لەگەڵ کۆنترین وێنەگر لە سلێمانیدا



نووسین و ئامادەکردنی
**شەهید فەهمی قەرەداخی**





# پەیڤێک بۆ نووسینە بەنرخەکەی

# شەهید فەهمی قەرەداخی

لە کۆڕێکدا مامۆستا ئەحمەد حسێن سەرنووسەری گۆڤاری سلێمانی، برادەرێکی پێناساندم بەناوی مامۆستا ئاوات ئەبوبەکر، وتی: ئەم برادەرەش خەمخۆری شاری سلێمانییە و زانیاری زۆری لایە دەربارەی ناوداران و شێخان و پیاوچاکانی شار، لەگەڵ کاک ئاوات کەوتینە قسەکردن لە میانەی قسەکانمانا، وتم خەریکی نووسینی کتێبێکم بە ناوی یەحیا ئەفەندییەوە، دەستخۆشی لێ کردم و چەند زانیارییەکی بەنرخی دامێ، وتی: شەهید فەهمی قەرەداخی نووسینێکی بەنرخی هەیە دەربارەی یەحیا ئەفەندی وەختی خۆی ساڵی (١٩٧٢) لە ڕۆژنامەی هاوکاری دا بڵاوی کردۆتەوە، ئێستا لە کتێبەکەی خۆیدا هەیە بە ناوی (ناتوانن پەیڤەکانم زیندانی بکەن)، کە فوئاد قەرەداخی برای کۆیکردۆتەوە و بەچاپی گەیاندووە، منیش وتم: ئەو کتێبەم هەیە و سەیری دەکەم، ڕۆشتمەوە بۆماڵەوە لاپەڕەکانیم دەستنیشان کرد و دەستم کرد بەخوێندنەوەی، ئەوەندە بەنرخو پڕ زانیاری بوو دەتوانم بڵێم سەدی سەد تام و چێژ دەدات بەم کتێبە، چونکە چی زانیاریم دەستکەوتووە جگە لە مامۆستا عەتا قەزاز هەموویان بەقەد شەهید فەهمی زانیاری نەداوە بەدەستەوە، چونکە دان پیانانەکانی یەحیا ئەفەندی خۆی دەربارەی ژیان و نەهامەتییەکانی بەڕاستگۆیی دواوە.

پاشان کاک ئاوات ئەبوبەکر بە مەسنجەر ئەو چەند لاپەڕەیەی بۆ ناردم، دوای چەند ڕۆژێک ڕۆشتم بۆ بنکەی ژین کە سەرچاوەی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردییە، بە مامۆستا ڕەفیق ساڵح-م

وت بۆ هەفتەنامەی هاوکاریی ژمارە (١٤٨) ی ساڵی (١٩٧٢) کە دەربارەی یەحیا ئەفەندی نووسینێکی تیایە، سەرەڕای سەرقاڵی ئیش و کار و ماندوبوونی خۆی بە دڵێکی فراوانەوە لە کۆمپیوتەردا بۆی دۆزیمەوە و پێشکەشی کردم.

ئێستاش لەم کتێبەدا وێنەی نووسینی هاوکارییەکە و هەمدیسان تایپی نووسینە بەنرخەکەی شەهیدی نەمر فەهمی قەرەداخی دەخەینەڕوو.

سەری ڕێزو وەفا دادەنەوێنین بۆ شەهیدی نەمر فەهمی قەرەداخی و تەمەندرێژیش بۆ مامۆستا ئەحمەد حسێن و مامۆستا ئاوات ئەبوبەکر و مامۆستا رەفیق و کاک سدیقساڵح کە بە هەموویان هاوکارییان کردم و ماندووبونیان جێگەی پێزانینمە.

**ڕەئووف شێخ جەمیل**



# لەگەڵ کۆنترین وێنەگر لە سلێمانیدا

لە ژێر پلیکانەی بەڕێوەبەرێتی شارەوانی سلێمانیدا[1]، لە قوژبنێکی تاریکدا کە تروسکاییەک گڵۆپی سفر نەبێ، هیچی تر نەبوو ناو دووکانەکە ڕۆشن بکاتەوە، (یەحیا ئەفەندی)مان دۆزییەوە، کۆنترین وێنەگر لە سلێمانی، یەکەم کەس کە ستۆدیۆی وێنەگرتنی لە سلێمانیدا کردۆتەوە، پیاوێکی پیری ڕیش سپی، کەمێ پشت چەماوە، چاکەتو پانتۆڵێکی شڕ و دەڵب لە بەردا، کلێتەیەکی داتەپیو بەسەریدا، چاوپلکەیەکی قاوەیی چاوە کزەکانی شاردۆتەوە، زۆپایەکی زۆر کۆن لە بەردەمیدا، هەژاری و دەستکورتی لە دیمەنیدا خۆی دەنواند، پاش خۆپێناسین داوام لێ کرد کەمێک لە بارەی ژیانی خۆیەوە بۆمان بدوێ.

**-نـاوم یەحیا سەعیدە لـە ساڵی (١٨٨٩) لـە خانەقین لە دایکبووم.**

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی پەڕاوێکی چڵکنی دامێ کە بە دەست و خەت ناوی خۆی و باوک و باپیری بەمجۆرەی خواروەوە تیا نووسراوە:

-یەحیا ئەفەندی کوڕی سەعید ئەفەندی کوڕی کەریم ئاغا کوڕی سمایل ئاغا کوڕی عەزیز ئاغا کوڕی عەباس ئاغا کە بە تایەفەی (بەفراو) و (ئاغا گەورە) ناسراون.

-یەحیا ئەفەندی وتـی: لەگەڵ بەگزادەکانی (غەواصیە)شدا خزمایەتیمان بەهۆی ژن و ژنخوازییەوە هەیە، پاشان درێژەی بە قسەکانیدا و وتی: تا دوای جەنگی یەکەمی جیهانی تا ساڵی (١٩٢٠) هیچ وێنەگرێک لە سلێمانیدا نەبوو، ساڵی (١٩٢١) حاجی مەحمود ئەفەندی کەئەفسەرێکی لە شکری تورک بوو، هاتەوە بۆ سلێمانی، چەند وێنەیەکی مەرحوم شێخ مەحمود و هەندێک




له پیاوه گه‌وره‌كانی ئێرانی گرتبوو، هه‌ندێك هونه‌ری وێنه‌گرتنی ئه‌زانی، پاشماوه‌یه‌ك دووكانێكی بچووكی له شوێنی قوتابخانه‌ی گۆیژه‌ی ئێستادا كرده‌وه (٢)، له ته‌موزی (١٩٢٤) له خانه‌قینه‌وه هاتمه سلێمانی، پاش ئه‌وه‌ی له كاتی جه‌نگدا له سوپای ئینگلیز و توركدا ته‌رجومان بووم.

## *كه وابوو جگه له كوردی زمانی تریش ئه‌زانی؟

-به‌ڵێ كوردی و توركی و فارسی و ئاسووری و هیندی و ئینگلیزی و عه‌ره‌بی ئه‌زانم، له كوردیشدا هه‌ورامی و لوڕی و سۆرانی شێوه‌ی سلێمانی ئه‌زانم، كتێبێكی گه‌وره‌شم له زمانی ئینگلیزیدا به‌ناونیشانی (هاف سینجری ئین كوردستان) هه‌بوو، به‌كوردی ناوم نابوو (ئاوریشمی سپی) داخه‌كه‌م له‌گه‌ڵ هه‌موو نووسین و وێنه و كامێراكانمدا تاڵانیان كرد، ئێستا هه‌ندێ جار ده‌رسی ئینگلیزی به هه‌ندێ قوتابی ئه‌ڵێمه‌وه.

## *كه‌ی ستۆدیۆت كرده‌وه؟

له ته‌موزی (١٩٢٤)دا هاتمه سلێمانی، بێ ئیش بووم، دوكانێك له دوكانه‌كانی تۆفیق به‌گی ساحیبقڕان كه له به‌رده‌كی سه‌رادا بوو به‌كرێم گرت و كردم به‌ستۆدیۆ.

## *بۆچی ده‌ستت دایه وێنه‌گری؟

-من هه‌ر له زووه‌وه حه‌زم له وێنه‌گرتن ئه‌كرد، جۆره‌ها كامێرام ئه‌كڕی و وێنه‌ی دیمه‌نی جوانی كوردستانم پێئه‌گرت به‌تایبه‌تی كوردستانی ئێران، یه‌كه‌مجار كامێرایه‌كی (زایسم) له به‌غدا كڕی گه‌لێ وێنه‌ی پۆستكارتم پێ گرت، ئیتر ورده ورده ناوبانگی



ستۆدیۆکەم بڵاوبووەوە و منیش قەناعەتم پێکرد و زۆر بڕوام بە خۆم هەبوو، دوایی بە تەنیا فریا نە ئەکەوتم، بۆیە شاگردم ڕاگرت، ئەوەبوو (شێخ مستەفا) هات ئیشی لەگەڵدا کردم و لە دواییدا خۆی ستۆدیۆیەکی دانا، پاش چەند ساڵێک (عوسمانی یادگار) ئیشی لەگەڵدا کردم، ئەویش پاشان بوو بە خاوەنی ستۆدیۆی خۆی، ئینجا (عوسمانی قادر ئاغا)م فێری هونەری وێنەگرتن کرد، ئەویش لای مزگەوتی گەورە ستۆدیۆی بۆ خۆی دانا، پاشان (نوری شێخ فەرەج) ستۆدیۆی کردەوە، من بەتەنیا سەرپەرشتیم ئەکرد.

***بەرامبەر وێنەگرەکانی ئێستا ڕات چییە؟**

-ئەوەی ڕاستی بێت (نوری)م زۆر بەدڵە، چونکە ئیبداعی هەیە من خۆم هەندێ شت هەیە ئەیزانم وەکو ئەوەی ئەتوانم لەسەر دەستەسڕ وێنە دەربکەم.

***دەربارەی هونەری وێنەگرتن لە کۆنەوە چی ئەزانی؟**

-لە ساڵەکانی دوای سەدەی پێشوودا (داڤیا) ناوێکی ئینگلیز لەگەڵ فەڕەنسایییەک ناوەکەیم لە بیرچۆتەوە، وێنەگرتنیان بەکامێرا دۆزیوەتەوە، ئەوکاتە لە سەر (مس یان زیو) وێنەیان دەرئەهێنا.

خوێنەری خۆشەویست:

ڕۆژی دوایی چومەوە لای (یەحیا ئەفەندی) بۆ ئەوەی وێنەیەکی خۆیم بداتێ، وێنەکەی دامێ و ئینجا بۆی گێڕامەوە کە لە ساڵی (١٩٤٠) دا سەرەڕای ستۆدیۆکە پێنج دەزگای جولاّیی دامەزراندووە و وتی: پێنج کەس لە دێهاتییەکانی خۆمانم بەکرێ خستەسەر دەزگاکان، یەکێ خوری ئەڕست، یەکێ خەڕەکی ئەگێڕاو، یەکێ ڕەنگی ئەکرد، ئەم پیشەسازییە ساڵێکی خایاند.



## *چۆن بە خەیاڵتا هات ئەم کارگەیە دابنێیت؟

-بەرامبەر ستۆدیۆکەم کەلاوەیەک هەبوو، منداڵی بچووک بچووک سواڵیان تیا ئەکرد، ڕۆژێک بانگم کردن و پێم وتن بچن لەو کۆڵانانە پەت و گوش و دەزووم بۆ بێنن پارەتان ئەدەمێ، پاش دوو سێ ڕۆژ خەرمانێک لە وانەیان بۆ هێنام، منیش هەریەکە (٢٠فلس یا ٣٠ فلس)م دانێ، ئینجا لە دووکانەکەدا دامنان، بۆم رایەڵ کردن تا شی بکەنەوە، با لێرەشدا ئەوە بڵێم کە کەس نەیئەزانی چی ئەکەین، هەر خەڵک بوو سەیری ئەکرد و لێیان ئەپرسیم: ئەمە چییە؟ ئەوەی ڕاستی بێ سەغڵەتیان کردبووین، منیش منداڵەکانم فێرکرد هەرچی هات و وتی ئەمە چییە، بدەنە چەپڵە و بەدەنگێکی بەرز بڵێن: ئەیرێسین و نایرێسین گورگی کوێخا ئەرێسین، بەمجۆرە خەڵکەکەمان لێ ڕەوییەوە ئیتر کەس نەهات بڵێ ئەوە چییە.

دیارە (یەحیا ئەفەندی) لە دوا ڕۆژەکانی تەمەنیدا بەهەژاری ژیاوە، بۆیە کە باسی باری گوزەرانی خۆی دەکات دەڵێت:

-پەکم کەوتووە، خاوەن (٢٠فلس)ی خۆم نیم، ئەم شاگردەی لە گەڵمدایە ڕۆژی پاکەتێ جگەرەی (زەلم)م بۆ ئەکڕێ، جار جارێکیش پارەم لەو قوتابیانە دەست ئەکەوێ کەدەرسی ئینگلیزیان پێ ئەڵێمەوە، لەبەر هەژاری ناچار بووم خێزانەکەم بنێرمە کارگەی جگەرە، لەوێ مانگی بە دە دوانزە دینار کرێکارە، خەریکم داواکارییەک پێشکەشی شارەوانی بکەم بەڵکو هیچ نەبێ مانگی دوو دینارم بۆ ببڕنەوە.

ئێمەش هیواداریین شارەوانی سلێمانی بجووڵێت و دەستی یارمەتی بۆ درێژبکات تا لە تەنگوچەڵەمەی ژیان رزگاری بێت، هەروەها داوا لە کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی ئەکەین بە دەنگی ئەم



پیرە کڵۆڵەوە بچن و دەستی یارمەتی بۆ درێژ بکەن، تاکو نەبێتە نموونەی دوارۆژی هونەرمەندێکی نائومێد.

**تێبینی:** لەگەڵ ئەم ڕیپۆرتاژەدا وێنەیەکی (یەحیا ئەفەندی) بڵاوکراوەتەوە.

**پەراوێز:**

(١)بەڕێوەبەرێتی شارەوانی سلێمانی لە سەرەتای حەفتاکاندا لە نهۆمی سەر بازاڕی عەسریدا بوو، ئەو پلیکانەیە بۆ شارەوانی دەچوو بەرامبەر کتێبخانەی گەلاوێژ بوو لەسەر شەقامی مەولەوی.

(٢)ئەوکاتە قوتابخانەی گۆیژەی کوڕان لە بیناکەی خۆیدا بوو کە پشتی بە بازاڕی عەسریو دەرگاکەی لەسەر ئەو بازاڕە بوو کە سەردەمێک بە بازاڕی خومەینی دەناسرا.

**هاوکاری، ژمارە** (١٤٨)، **٢٩/١٢/ ١٩٧٢**



وەفدێکی یوگوسلاڤیاکەیشتە بەغدا

رۆژی ٢٧ـ١٢ کاک حەدبابوف دیراتز ئەندامی لەنجومەنی سەرۆکایەتی فیدرالی کوماری سوشیالیستی یوگوسلافیاو سەرۆکی کوماری بوسنەو هرسک و ئەندامی هەیئەی بەڕێوەبەری کۆنگرەی دەستەی کۆمونیستەکانی یوگوسلاڤ بەسەردانێکی رەسمی گەیشتە بەغدا . وە لە فرۆکەخانە لەلایەن دکتور زید حیدر ئەندامی سەرکردایەتی نەتەوایەتی پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەبی پێشوازی کرا .

ئا.د.ع

رۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتیە

لە دار الجماهیر دەرئەچێ و لە دار الحریە چاپ ئەکرێ

# هاوکاری

التضامن

مامۆستا صدام حسین پێشوازی بالیۆزی فەرەنسا ئەکات

مامۆستا صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش رۆژی چوار شەممەی رابوردو لە بارەگاکەیا پێشوازی مسیو بنیر سیرل بالیۆزی فەرەنسای لە بەغدا کردوە . وە لە کاتی چاوپێکەوتنەکەدا کە نزیکەی سەعاتێک کێشا باسی پەیوەندی دوستانەی نێوان هەردوو ولاتیان کردوە .

ئا.د.ع

ژمارە ١٤٨ ٢٩ـ١٢ـ١٩٧٢ | نرخی (٣٠) فلسە | تەلەفون ٢٠٣٦٥

بومەلەرزە پایتەختی نیکاراگوای ویران کردووە

# ڤیێتنام لە شەش رۆژدا ١١٤٧ جار بۆردومان کراوە

## گەلی ڤیێتنام لە فرۆکە وێرانکەرەکانی ئەمەریکا بەهێزترە

## ساڵی تازەو ئاوات وئامانجی گەلان

★ رۆژی چوار شەممەی رابوردو سەرکۆمار کاک احمد حسن بکر لە کۆشکی جمهوری پێشوازی کاک خالد صالح الغنیم سەرۆکی ئەنجومەنی ئەتەوەیی کوێتی کرد ★

## ئوسترالیا لەمەولا یارمەتی رژێمی سایگون نادات

## بەیاننامەی چین دەربارەی ڤیێتنام

کورتە هەواڵ

٧٠ فرۆکەی ئەمەریکا خراونەتە خوارەوە

## بومەلەرزە شاری ماناگوی ویران کردوە

## لیبیا قەرزێکی ٣٨ ملیۆن جونەیهی ئیستەرلینی بە حکومەتی چاد ئەدات

شۆرشگێرانی فلیپین فرۆکەیەکی حکومەتیان خستۆتە خوارەوە

## پارتی کونگرێسی هندستان پشتگیری خەباتی گەلانی عەرەب ئەکات

باری سیاسی گواتیمالا بەرەو کوێ ئەروا ؟

## سەرەرای جانەوەری ئەمەریکا !

هاوکاری، ژمارە (١٤٨)، ٢٩/١٢/ ١٩٧٢ (ل ١)






**(ل٨) نووسینەکەی شەهید فەهمی قەرەداخی**

**دەربارەی یەحیا ئەفەندیی وێنەگر**

# چەند پارچە شیعرێک
# لە دیوانی یەحیا ئەفەندی

# پێشەکییەک بۆ شیعرەکانی یەحیا ئەفەندی

بەپێی ئەم چەند پارچە شیعرەی لای کاک سالاری کوڕی پارێزراون ئەبێ یەحیا ئەفەندی شیعری زۆر بووبێت، بەڵام وەکو خۆی ئەڵێ: زۆربەی کتێبو شیعرو بەرهەمەکانی فەوتاون، چ بەتاڵانی، چ شێوەی جەورو ستەم و رۆژگاری رەش، ئەم چەند پارچە شیعرە کە بەخەتێکی خۆشی سالار خۆی نووسراونەتەوەو لای خۆی وەکو یادگارییەکی باوکی پاراستوونی لەگەڵ چەند فیلم و وێنەیەک، ژیری و دووربینی سالار لەوەدا بووە، لە وانەیە وتبێتی ڕۆژگاری خۆیان هەردێ و نرخی خۆیان دەبێ، بەڵام نەچووە دەستەخەتە کۆنەکەی باوکی هەڵبگرێ، بۆیە بەخەتێکی خۆشی خۆی نووسیویەتیەوە تەنانەت پارچە شیعرێکی خوالێخۆشبوو (مەحمود خاکی)شی پاراستووە، ئەبێ خاکی بەحوکمی ئەوەی لە بازاڕی عەسریدا دراوسێ دوکانی بووە، یان هاوڕێی شار و رۆشنبیری بووە و شارەزاییەکی باشی لە یەحیا ئەفەندی هەبوو بێ کەچەندە شیعری زۆری هەیە، چونکە ئەم هۆنراوەیەی خاکی شاهیدی ئەوە دەدا کەیەحیا ئەفەندی شیعری زۆرە.

## هۆنراوەکەی خاکی

لە بیرم ناچێ هەرگیز ئەم هونەرە ئاوا
وون بێ هەڵبەستێ نەمێنێ لە ناوا
گەر بڵێم لە ناو خەڵکا (یەحیا)ی وێنەگر
شاعیر بوو، بەڵام لە گشتمان چاکتر
ئەڵێن کوا بۆچی؟ دیوانی نییە
ئەڵبەت بێکەسو خزمانی نییە
(خاکی) شاهیدە هەڵبەستی زۆرە
هەر ئەو ئەزانێ چۆنن و چ جۆرە!

**خاکی ١٩٨١/٩/٤**



کاتێ ئەو شیعرەی خاکی دەخوێنینەوە بۆمان دەردەکەوێت یەحیا ئەفەندی خاوەنی دیوانێکی شیعر بووە، بەڵام ئەی ئەو دیوانە کوا و چی بەسەرهات، هەڵبەت لە بێکەسی خۆی ئەو شیعرانەی فەوتاون یان بەچاپ نەگەیەنراون، شاهیدی ئەوەش دەدا کە لە هەموویان چاکتر بووە، تەنیا خاکی ئەزانێ چ جۆرە شیعرێکی وتووە و هەبووە، واتە خاکی حەقێکی باشیداوە بە یەحیا ئەفەندی لە ڕووی ئەدەبییەوە.

با بێینەوە سەر نووسین و جۆری شیعرەکانی یەحیا ئەفەندی، لە شیعری (دڵەکەم غەمگینە) کە بەرامبەر بە جەور و ستەمی ئینگلیزەکان کە هەڵیان کوتاوەتە سەر گەلەکەمان بە خۆڕایی، سەرەڕای ئەوەش زوڵم و ستەمیان لێکردووین، ئەم شیعرە بەپێی مێژووەکەی نووسراوە لە ساڵی (١٩٢٤) دەردە دڵ و مەراقی شاعیر دەردەبڕێ کاتێک دەبینێ گەلەکەی بەدەستی دوژمنی زۆردار دەچەوسێنرێتەوە.

شیعرێکی تری بەناوی (یەکەم شۆڕشی بارزان ساڵی (١٩٣٢)، ئەم شیعرەش باسی شۆڕشی شێخ ئەحمەدی بارزان دەکا، کە چۆن حکومەت بە هاوکاری ئینگلیزەکان هەڵیان کوتاوەتە سەر خاکی کوردان و ترسنۆکی دوژمنی گەوج دەردەخا کە چۆن بە نەشارەزایی ڕۆیشتوون و چییان بەسەرهاتووە بەدەست پەلاماردانی کوردانەوە، شۆڕشی بارزان چ حەشرێکی پێ کردوون، ئەم شیعرەش دەلالەت لە ئازایەتی میللەتەکەمان دەکات بەرامبەر جەور و ستەم وەستاونەتەوە و سەریان شۆڕ نەکردووە.

پارچە شیعری سێیەمی (بیرەوەری بەندیخانە) کە ساڵی (١٩٣٧) نووسیویەتی، بەپێی نوسینی شیعرەکەو مێژووەکەی

ئەبێ شاعیر لە بەندیخانەی موصڵ بەند بووبێ ئەم شیعرەی نووسیوە:

**ئەسیری شاری موصڵ غەریب و بێنەوا خۆم**
**کەوتمە داوی ئەسارەت سەرنگوونی نەینەوا خۆم**

لە پارچە شیعرێکی تریدا باسی دەور و زەمانە دەکات کە چۆن لاوەکانمان سەرگەرمی کاری خراپەن و نیشتمانەکەشیان چاوەڕێیان دەکات خزمەتێکی بکەن، لە کۆتایی شیعرەکەدا ئەڵێ:

**بەڵام رۆژ بەڕۆژ ئاشوب و فیتنە رووی وڵاتمی داگرتووە**
**وەختە شێت بم چۆن بەد رەوشتی کەوتۆتە ناو لاوانی وڵاتم**
**پیشە بوو شەرم و حەیا و نامووس لە ناو کوردایەتی**
**من کە وام دیبوو واشی ئەبینم لە گەڵ دەرچووم و بۆی هەڵاتم**

لە پارچە شیعری (شکایەت لە پیری) ئەڵێ:

**هەروەکوو مەجنوون وێڵی سەحرای کردم ئەم زەمانە**
**جا کوێرە لە بەرچاوم لە یلای گشت ئەم جیهانە**

بەپێی نووسینی ئەم شیعرە شاعیر کەوتۆتە ئاخر و ئۆخری تەمەنیەوە و بێزاربووە لە ژیان و چاوانی کزبوون و خۆی دەخاتە ریزی عاشقانی وەکو مەجنوونەوە و وێڵی سەحرای زەمانە بووە، لە بەرچاوی گشت لەیلای ئەم جیهانەی لاکوێر بووە، مەجنوون بۆ لە یلاکەی و یەحیاش بۆ نیشتمانەکەی و بۆ زەمانەی بێوەفا.

لە پارچە شیعری (چوونم لە خانەقینەوە بۆ لوڕستان)، شاعیر زۆر گەڕاوە و لە ژیانیدا و حەز و هیوای دنیابینی



بووە، هەرچەندە ئەم شیعرە ئێستا تەواونەکراوە، بەڵام نازانین شاعیر خۆی تەواوی نەکردووە یان هەر ئەوەندەی لە فەوتان لێدەرچووە وەکو شیعرەکانی تری، لەم شیعرەشیدا هەر باسی زوڵم و ناحەقی دوژمن دەکات بەرامبەر بەکوردان.


**پێم خۆش بوو بمرم بە تەقەلاوە**
**کوردێ نەبینم بەدەم سزاوە**


بەپێی نووسینی شیعرەکانی یەحیا ئەفەندی شیعری زۆر بووە و هەر لە سەردەمی لاوییەوە شیعری نووسیووەو دژی زوڵم و زۆری دوژمنانی گەلەکەیی و بۆیە دڵی ئەمیش هاتۆتە کوڵ و شیعری بەجۆشی نووسیوە.

وەکو خەڵکانی ئەم شارە و کەسانی نزیکی یەحیا ئەفەندی ئەیگێڕنەوە بەحوکمی کاری وێنەگری و زمانزانی و وەرگێڕانی زمانی ئینگلیزی بۆ کوردی، وەکو خۆشی ئەیگێڕنەوە کە وانەی ئینگلیزیی بە گەنجانی ئەم شارە وتووەتەوە، هەمیشە رۆشنبیران و شاعیرانی سلێمانی لە دەوری کۆبوونەتەوە و باسی ئەدەبیاتیان کردووە، کاک عوسمان خاوەنی وێنەگری یادگار لە بیرەوەرییەکانی کە بۆی باس کردووم ئەڵێ: من مناڵ بووم هەمیشە قانعی شاعیر و چەندەها شاعیری ترم دەبینی دەهاتن بۆ لای و کۆڕیان گەرم دەکرد، یەحیا ئەفەندی خۆشی پیاوێکی خۆشمەشرەب و دەست بڵاو و پارە نەویست بووە، گرنگی بە ژیانی بێهوودە نەداوە، حەزی لە گەڕان و سەیر و سەفا و رابواردن بووە، بۆیە هەمیشە جێگای سەرنجی خەڵکی ئەم شارە بووە.

**ڕەئووف شێخ جەمیل**

# چەند پارچە شیعرێک لە دیوانە فەوتاوەکەی یەحیا ئەفەندی





ئـەتـرسـم بـمـرم کـۆچـی میـحـنـەتـخـانـەکـەم
بـا لـە گـەڵ گـوڵ هـەر بـمێـنـێ وێـنـەکـەم

# دڵەکەم غەمگینە

دڵم غەمگینە، دڵم غەمگینە
هەستە وەرە لام کاکە بمبینە
خۆزگەم بە چەند ساڵ لە پێش ئەم دەورە
کە کورد نەیدیبوو ئەم زوڵم و جەورە
هەریەک لە لایەک حوکمداری کورد
بە عیز و شەرەف هەر بە مەردی مرد
نەوەک وەکوو من دڵ بریندارم
بۆ نیشتمانم زۆر بێ قەرارم
باوکم بە قوربان (خادم البشر)
ئەم خەڵکەت بۆچی گشت کردوە بە کەر
خزمەتی بەشەر ئەگەر وەهابێ
هەقی من و تۆ بۆچی جیابێ
ئەقوام و میللەت گشتی ئەزانێ
کوردیش هەیەتی هەقی ژیانێ
تۆ زۆر ئەزانی لەم قسە قۆڕە
ئەی کاکە (یحیی) شیعرت بگۆڕە

(ساڵی ١٩٢٤ وتراوە)

# یەکەم شۆڕشی بارزان ساڵی ١٩٣٢

ساڵی هەزار و نۆسەد و سی و دوو
فەرمانی شەڕی شێخ بارزان دەرچوو
بێ دەرپێ کەوتە جڕت و فرتی ڕێ
هەر لە بەغداوە هەتا ئاوی زێ
قۆڵێ لە مووصڵ بۆ ئەقرە و بلە
خشان و کشان هەروەکوو کوللە
قۆڵێ لە هەولێر بە ڕێگەی ڕاستان
هەتا گەیشتنە گوندی بابستیان
ئۆردوو، چ ئۆردوو! بە چەند دەزگاوە
چەند تۆپ، تەیارە بە ڕووی سەماوە
سەرکردەی لە شکر وەک حاجی سڕی
تڕنەی فرەخۆر خودایە بیبڕێ
ئۆردوو جمەی کرد لە شەشی نیسان
هەر لە بنەبی تا چیای پیران..
شەوێ لە شەوان قەزای ڕەببانی
کەوتە خەباتی تیپی بارزانی
مامشکە شیوێکە درێژ و باریک
ڕۆژی نیوەڕۆ لە عەرەب تاریک

چەندان جەنازە و چەندان بریندار
لاشەیان کەوتبوو لە ناو گەلا و دار
سیسرکە کەچەڵ لەگەڵ قەل و داڵ
عافێتیان ئەکرد گۆشتێکی حەڵاڵ
چونکە کەسیان نەخستبووە چاڵ
وڵاتم بەهەشت بوو درەختی تۆبە
سواخ درا بە گووی نیسکێنە و شۆربە
درەخت گشت بڕا، هیچ نەما خەلە
مەگەر پاکی کات بارانی پەڵە
ئینگلیز ئەیوت...
باوکم بە قوربان بتی خۆکردوو
بەشی زیندوو خۆر بۆ خۆتان مردوو
سوێندتان بۆ ئەخۆم بە خودا و یەزدان
هەتا پانزە شەو نایەڵم بارزان

***

# بیرەوەری بەندیخانەی مووسڵ ١٩٣٧

ئەسیری شاری مووصڵ غەریب و بێ نەوا خۆم
کەوتمە داوی ئەسارەت سەرنگوونی نەینەوا خۆم
چەپ و ڕاست بەستراوە دەستم بە زنجیر و کەلەپچە
بێ سووچ و قەباحەت، گرفتاری داوی بەڵا خۆم
دەست بەڕوو دانیشتنم لەم گۆشەی زیندانەدا بە هەرجێ
دڵ بریندار و نەخۆشی بێ دکتۆر و بێدەوا خۆم!
ئەمسەر و ئەوسەری زیندان کردنم بۆ دەفعی مەراقە
بەهەرجێ وێڵی سەحرا وەکوو مەجنوون لە لەیلا جودا خۆم
لەسەرما هاتوومە جبوش، ئەلەرزێ بەدەنم هەموو بەجارێ
هاتوومە سووڕدان و سەماکردن بێ عود و بێ کەمان خۆم
کە تەقەی قەرەوانەی میری دێتە گوێم ڕائەپەڕم
هەروەکوو سەگی برسی بێ شام و بێ غەدا خۆم...
خۆ ئەزانی موستەهەق نیم بەم جەزایە، یا ئیلاهی
ئەمن چیم کرد لە دەرگای تۆ کەوا رووسیا خۆم
جورم و گوناهم گەر هەبێ خوێندن و نووسینە مەگەر
دواکەوتووی جوملە ی عالە م بێ عیلم و بێ زەکا خۆم
دەسا شەماڵ تیژ برۆ بەو یارە بڵێ (یحیی) دیلە
زوو وەرە فریای کەوە دەک بێ شەرم و بێ حەیا خۆم...



# ئەم دەورە

ئەم دەورە، چ دەورێکە ئەبینم لە حەیاتم
ساتێ گریان، ساتێ شادی، ساتێ ماتم
بە پێچەوانەی چەرخی گەردوون، گەر وەها بێ
ئەوا من لە ڕێگەی پڕ خەتەر و هات و نەهاتم
بەڵام ڕۆژ بەڕۆژ ئاشووب و فیتنە ڕووی وڵاتمی داگرتووە
وەختە شێت بم، چۆن بەدڕەوشتی کەوتۆتە ناو لاوانی وڵاتم
پیشە بوو شەرم و حەیا و نامووس لەناو کوردایەتی...!
من کەوام دیبوو واشی ئەبینم لەگەڵ دەرچووم و بۆی هەڵاتم

# شکایەت لە پیری

هەروەکوو مەجنوون وێڵی سەحرای کردم ئەم زەمانە
جا کوێرە لە بەرچاوم لەیلای گشت ئەم جیهانە...
گوڵ و موڵ و نێرگزو چەمەن و سۆسەن و یاسەمین
ئەم هەموو گوڵ و گوڵستانە وەک خاری موغەیلانە
لە بەرچاوم هەریەک لەمانە بەهەشتی خولیای جیهانە
غەم بەجێم نامێڵێ ساتێ، رەفیقێکی زۆر بەوەفایە
بۆ ژیانی تاڵ و ڕۆژی ڕەشم تەقدیری خودایە...
ئەی خودایە، ئەی خودایە!
بەختەکەم بۆچ وا سیایە!

# زەمانە گەنە

زەمانە گەنە... زەمانە گەنە
وەک کەلای کەرەم بە تڕێ بەنە
ڕەحەتی برا لە ڕووی سەرزەمین
هەموو لە یەکتر واین لە قار و قین
مەجلیس نشینمان بۆتە چایخانە
دەروێش و مورشید گشت لە مەیخانە
هاوار بە ماڵم چەندە بێ نازین
بێ نوێژ و تاعەت هەروەک بەرازین
ئەولاد و بابا و برای کەمە
کەوتت کاکە هەمووی هەردەمە
سێ کوتی بازاڕ هەمووی بێ دینە
دایمە ئەکێشن لە ئیسلام کینە
بە هەموو سەهیۆنی گشت ساحێب ماڵن
بێ چارە ئیسلام دایمە حەماڵن



# چوونم لە خانەقینەوە بۆ لوڕستان


کاتێ کە دەرچووم لە شاری خانەقی
بەشکو نەبینم زوڵم و ناهەقی
پێم خۆش بوو بمرم بە تەقەلاوە
کوردێ نەبینم بەدەم سزاوە
سێ ڕۆژ لە ڕێگا من هەر خوا خوام بوو
ئینجا سەفەرم کە بۆ تەواو بوو..
کاتێ گەشتمە ئەو شارە پیسە!
ئەهالی هەمووی گشت کوێر و سیسە

**تێبینی:** ئەم هۆنراوەیە ناتەواوەو هەر ئەوەندەی ماوە.



# ژیاننامەی یەحیا ئەفەندی
# له بیرەوەری نەوەکانیەوە

# ژیاننامەی یەحیافەنی
# له بیرەوەریی مامۆستا عەتا قەزازدا



مامۆستا عەتا قـەزازی هونەرمەند کە کچەزای یەحیافەنی دەکـات، واتە یەحیافەنی باپیری مامۆستا عەتا قـەزازە، ئەڵێ:

*باپیرم نـاوی یەحیا سەعید کەریم ئاغایە، خـەڵـکی نـاوچـەکـانی دەوروبــەری خانەقینە، گوندی (ئەرکەوان) ساڵی (١٨٨٩) لە دایک بووە، خوشکی یەحیافەنی خێزانی (یووسف بەگی ئەرکەوازییە) کەسەرۆکی خێڵی ئەرکەوازە، واتە یووسف بەگ زاوای یەحیا ئەفەندییە.

لە تەمەنی (٢٥)ساڵیدا، واتە لە جەنگی جیهانی یەکەمدا دەبێتە ئەفسەر لەگەڵ ئینگلیزەکاندا، زمانی ئینگیزی بەباشی فێردەبێت، لە دوای کۆتایی جەنگ لە ساڵی (١٩٢٤) ڕوودەکاتە شاری سلێمانی و دەبێتە وەرگێڕی زمانی کوردی بۆ ئینگیزەکان، بەحوکمی کارەکەی لە بنەماڵەی شێخان نزیک دەبێتەوە و پەیوەندی گەرم لە گەڵیان دروست دەکات، بەو پێیە زمانی هیندیش فێر دەبێت، چونکە ئەوکاتە ئینگلیز پێش ئەوی بێنە عیراق و کوردستان لە هیندستانەوە هاتن و خەڵکی هیندستانیان لەگەڵ بوو.

* یەحیا ئەفەندی باپیرم بە حوکمی ئەوەی کەسێکی زیرەک

و هونەرمەند دەبێت، بۆیە لەو سەردەمەدا لەگەڵ کامێرا دەبنە هاوڕێی هەتاهەتایی و پەیوەست دەبێ بە وێنەگرتنەوە، لەم شارەدا وێنەی چەندەها پیاوی بەناوبانگ و ئافرەتان و گەنجان و منالآنی ئەم شارە دەگرێت، جگە لە شوێنە گشتییەکانی ئەم شارە وەکو قوتابخانەی فەیسەڵییە و مزگەوتی گەورە و مەیدانی داری کۆن و گەلێک بۆنە و ئاهەنگ و شتی تر.

* باپیرم لە تەمەنیدا گەلێک چەرمەسەری ژیانی بەسەرهاتووە، لە گرتن و راوەدونـان و دووکان تالآنکردن، بەڵام ئەو کۆڵی نەداوە و بە سەرکەوتوویی ژیانی بەسەربردووە، من بە منداڵی لە سالآنی (١٩٥٤ – ١٩٥٧) لە دووکانی وێنەگرییەکەی کارم دەکرد، بۆ فێربوونی هونەرەکەی لەو سەردەمەدا هەر لە ڕێگەی ئەوەوە فێری هونەری وێنەگرتن بووم، هەر لەو ڕێگایەشەوە فێری هونەری پەیکەرتاشی و وێنە دروستکردن بووم کە ئێستاش هەر مامۆستای هونەر و وێنەم.

* باپیرم ئەوکاتە سەگێکی هەبوو کە ئینگلیزەکان بە یادگاری دابویانێ ناوی (قەستۆر) بوو لە ژیانمدا سەگی وا ئاقڵم نەبنیوە، هەموو ئیشێکی بۆ باپیرم دەکرد.

* نەنکم، واتە ئامینەی ژنی یەحیا ئەفەندی، خوشکی حەمەئاغای عەتارە کە پیاوێکی بەناوبانگی سلێمانییە.

* پـوورە خەیرییەم کەخوشکی یەحیا ئەفەندییە، ژنی عەبدولحەمید کاتب مەحکەمەی سلێمانی، باوکی کاک کەمال کە تووتنچی بوو لای سەرای سلێمانی، ئەم پوورە خەیرییە ژنێک دەستیشان دەکات بەناوی (ئایشێ) لە دواییدا دەبێتە خێزانی یەحیا ئەفەندی، ئایشێ سێ کوڕ و دوو کچی لێ دەبێت بەناوی سەڵاح و سەردار و سالار کچەکانیش نەجات و سەباح.


* باپیرم هەتا سەرەتای ساڵانی (١٩٧٠) کاری خۆی دەکرد، لەوەبەدوا نەخۆش کەوت و کاری ڕۆژانەشی پێ نەکرا تا ڕۆژی (١٩٧٦/١٠/٩) کۆچی دوایی کرد.

***مامۆستا عەتا گفتی دووسێ وێنەی پێدام کە بە دەستە ڕەنگینەکانی بۆم دروست بکات، لە پاشاندا بۆی دروستکردم و لە  لە ندەنەوە بە مەسنجەر بۆی ناردم منیش دەیانخەمەڕوو لەم کتێبەدا، زۆر سوپاس بۆ مامۆستا و هاوڕێم بەڕێز عەتا قەزاز.**


**ڕەئووف شێخ جەمیل**









**سێ وێنەی یەحیا**
**ئەفەندی**
**دەستکردی مامۆستا**
**عەتا قەزاز**
**بە دیاری پێشکەش**
**بەم کتێبەی کردووە**





دروستکردنی پەیکەری پیرەمێرد ساڵی (١٩٧٢) لە بەردەم باخچەی گشتیدا لە
لایەن عەتا قەزازەوە گرتنی وێنەکە یەحیا ئەفەندی

# سالار یەحیا ئەفەندی
# یادەوەرەییەکانم لەگەڵ باوکم



بەڕاستی ژیان یادەوەری زۆری تیایە لە شتی خۆش و ناخۆش، منیش ئەوەندەی بتوانم چەند یادەوەرییەکی خۆم و خوشک و براکانم بنووسمەوە، هەرچەندە من لە تەمەنی ئەوەدا نەبووم تا مردنی باوکم کە بتوانم بە تەواوی سەرجەم یادەوەرییەکان بنووسمەوە، بەڵام ئەوەی لە دەستمبێ تۆماری دەکەم.

(یەحیا فەنی مصور) باوکم لە بیرەوەری مندا مرۆڤێکی قسەخۆش و یاریدەدەری کەسانی تر بوو، هەرگیز بڕواناکەم لە ئێمە تووڕە بووبێ، هەمیشە خۆشەویستی هاوڕێکانی خۆی بووە، وەک (شێخەی نوقڵ، حاجی خدر، شێخ نیزام، عەلی دەدە، دەروێش ئەمین و عەبدوڵڵا زوهدی) بەسەرهاتی خۆشی لە لابوو، هەمیشە ئامۆژگاری باشی دەکردین.

من لە سەرەتای ساڵانی حەفتاوە لەگەڵ باوکم دەچوومە دووکان، فێری وێنەگری دەکردم کە ئەوکاتە ئامێرەکان زۆر سادە و



ساکار بوون، هەندێ شت فێربووم، بەڵام چەند ساڵێکی کەمی خایاند، چونکە لە دوای ئەوە باوکم نەخۆش کەوت و چەند ساڵێک لەسەر جێگا بوو تا کۆچی دوایی کرد، هیچ کاتێک بێ پارەی نە دەکردین کە ئەوکات (١٠فلس) و (٢٥فلس) و (٥٠فلس)ی قیمەتی خۆی هەبوو، من بیرمە کە زۆرجار ئەیووت پیاو کە پیربوو وەکو (٥٠فلسی) قەڵبی لێ دێت، چونکە جاران کە پارە نەدەچوو، ساف دەبوو، پێیان دەوت قەڵب.

مناڵ بووم نەخۆش کەوتبووم، لەبەر خاتری من ئەو ئێوارەیە گەڕایەوە ماڵەوە رادیۆیەکی بۆ کڕیبووم کە بە کارەبا کاری دەکرد، بۆ ئەوەی بێتاقەت نەبم، زۆرجار لە گەڵیدا بووم خۆی لە دووکانەکەی شێخەی نوقڵ لوقمی درێژی دەکڕی چەند دانەیەک بەدەم رێگاوە بەشی ئەداین، تا دەگەیشتینە کۆڵانی مزگەوتی ئەوقاف چونکە ماڵمان لە گەڕەکی مەڵکەندی بوو، لە وێوە بەرە و سەرووی کۆڵانەکە هەر مناڵێکی بدیایە بەشی ئەدا لەو لوقمە، (ئای کە تامی خۆش بوو).

# بیرەوەری نەسرین خان کچی یەحیا ئەفەندی



* یەحیا ئەفەندی باوکم خاوەنی سێ ژن بوو، ژنی یەکەمی نـاوی ئامینە و ژنی دووەمـی ناوی جەمیلە کـە خەڵکی شـاری وانـی کوردستانی باکوور بووە و ژنی سێیەمی ناوی (ئایشێ) خەڵکی شـاری خانەقین بووە.

* یەحیا ئەفەندی خاوەنی ماڵ و موڵکێکی زۆر بوو، ئەو خانووە گەورەیەی بەرامبەر خەستەخانەی سووتاوییەکە (ئیمێرجنسی) یەکە کە ئێستا بینایەکی گەورەیە (١٩٢٤م٢)، بەڵام لە بەر نەبوونی فرۆشتمان.

* باوکم چەند زمانی دەزانی وەکو ئینگلیزی و تورکی و فارسی و هیندی و ... وەختی خۆی ئەفسەری ئینگلیز بوو لە بەرئەوە زمانی ئینگلیزی باش دەزانی، دوایی کە حوکم درایە دەست عیراق لە سەردەمی مەلیک غازیدا کە بەکر سدقی سەرۆک وەزیـران بوو، باوکم بە تۆمەتی جاسوسی تاوانبار دەکەن، پاشان حوکمی لە سێدارەدانی بۆ دەردەچێ، بەڵام جەمیلە خانی ژنی لە بەغداد خۆی دەخاتە ژێر سەیارەکەی مەلیکەوە، سەیارەکە دەوەستێنێ، پێی ئەڵێ: یەک داواکاریم هەیە من ژنی یەحیا سەعید کەریمم، ژنێکی غەریبم لەم شارەدا و مێردەکەم



بە ناحەق ئەمری لە سێدارەدانی بۆ دەرچووە، تکام لە بەڕێزتان ئەوەیە لەو حوکمە رزگاری بکەن، چونکە خوا شک ئەبەم و ئەو پیاوە، مەلیکیش قسەکەی قبوڵ دەکات و حوکمەکەی دەگۆڕێ بۆ دوو ساڵ بەندی و دوو ساڵ لە ژێر چاودێری حکومەتدا بێت لە بەغداد، هەر لە شاری بەغداد دووکانی وێنەگری دادەمەزرێنێت و ئیش دەکات، پاشان دەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی.

* باوکم ماوەیەکی زۆریش لە زیندانی مووسڵ دەبێت، تاکو حوکمی ئەوێش تەواو دەکات.

* هاوڕێی شێخ مەحمود بووە زۆر یەکتریان خۆشویستووە.

* باوکم سەگی زۆر خۆشدەویست، هەمیشە دەیوت لە مرۆڤ بە وەفاترە، سەگێکی هەبوو ناوی (قەستۆر) بوو، هەموو ئیشوکارێکی ماڵەوەی بەو سەگە دەکرد.

* باوکم لە کۆتایی ژیانیدا نەخۆشی بواری نەداو لە سەر جێگا کەوت بۆ ماوەی شەش مانگ، دوا هەناسەی لە (١٩٧٦/١٠/٩) دا کۆچی دوایی کردو لە دوا تەمەنی ژیانیدا جەمیلە خانی ژنی و سالاری کوڕە بچکۆلەی خزمەتیان ئەکرد.

# بیرەوەری سەباح خان کچی یەحیا ئەفەندی



* یەکەم جار کە (جەمیلە ) خان واتە ژنی دووەمی هێناوە، ئەیووت پێی غەریبیم لە گەڕەکی شێخان کراوەتەوە، لە بەرئەوەی (یەحیا) فەنی زۆر تێکەڵ بووە لەگەڵ ماڵی شێخ مەحمودی حەفید.

* باوکم تووشی نەخۆشییەک بووە کە عیلاجی نەبووە، ئەویش نەخۆشی سکچوون بووە، رۆژێک شێخ مەحمودی نەمر بەلایدا تێئەپەڕێ، کە سەیر ئەکات باوکم خەریکی وێنەگرتنە، کە ئەوکات کامێرای (شەمسی) یان پێدەوت، یان (قوڵە عەبا)، لەوکاتەی وێنەی گرتووە لەگەڵ جەنابی شێخ مەحمود گاڵتە و گەپیان هەبووە، کە بەلایدا رۆشتووە دەستێکی داوە لە دواوەی باوکم بۆ سوعبەت، باوکم ئەیووت لەو کاتەوە چاک بوومەتەوە هیچ نەخۆشییەکم نەماوە.

* باوکم خاوەنی دوو خوشک بووە بە ناوی (عەتیە، خەیریە)، عەتیەی خوشکی کەشووی کردووە مێرەدەکەی رەئیس عەشیرەتی ئاوایی یووسف بەگ بووە لە خانەقین کە ئاواییەکە بە ناوی خۆیەوە بووە.

* باوکم لەگەڵ جەمیلەخان ئەچن بۆ خانەقین بۆ ئاوایی ئەرکەوازی باوکم (عائشەخان) دەبینێ واتە دایکی من، باوکم دڵی پیائەچێ و حەزی لێ دەکات بە دڵی دەبێت، جەمیلە خانیش هەمان بۆچوونی دەبێت، هەر ئەوشەوە دەچنە داوای عایشەخان، واتە دایکم، پێشکەش بە باوکمی دەکەن، ئەمە لەساڵی (١٩٤٨) و یەکسەر باوکم عایشەخان دەهێنێ بۆ

سلێمانی.

* بەمناڵی ئەچووم بۆ بەغداد لەگەڵ باوکمدا بۆ لای (کەمال سکوتی) مصور بۆ پێداویستی وێنەگرتن کە لە لای ئەو دەیکڕی و ئەیهێنایەوە بۆ سلێمانی.



وێنەی منداڵی سەباح یەحیا بەجلی کەشافەوە



# وێنەکانی یەحیا ئەفەندی و خانەوادەکەی







یەحیا ئەفەندی، جەمیلە خان، ئایشێ خان، نەسرین، سەباح، نەجات، سەڵاح، سەردار، سالار



یەحیا ئەفەندی، جەمیلە خان، کچەکانی نەسرین، سەباح



ئایشێ خان، جەمیلە خان، مناڵەکانی یەحیا ئەفەندی



یەحیا ئەفەندی، جەمیلە خان



نەسرین یەحیا، جەمیلە خان



لوتفیە یەحیا ئەفەندی-خێزانی مستەفا قەزاز
دایکی مامۆستا عەتا قەزاز



جەمیله خان و سەگەکەیان ( قەستۆر )



جەمیلەخان و نەسرین



خانەقین خەیریەخان خوشکی یەحیا ئەفەندی و
ئایشی خانی خێزانی



خانەقین یەحیا ئەفەندی و عەتێ خانی خوشکی



مناڵەکانی یەحیا ئەفەندی



یەحیا ئەفەندی و کوڕەکانی سەلاح و سەردار



# نووسین و وێنەکانی
# کەسایەتی و ڕۆشنبیرانی شار
# دەربارەی یەحیا ئەفەندی



# پەیڤێک بۆ ئەم نووسینانە

لە شوێنێکی ترا باسم کرد کە دەستخۆشی و پێزانینی چەند کەسایەتییەکی شار کارێکیان کرد کە ئەم کتێبە بێتە کایە و لە کتێبخانەی کوردیدا جێگایەک بگرێ، لەگەڵ سوپاس و پێزانینی زۆرم بۆ ئەم بەڕێزانە کە بەنووسین و وێنەی خۆیان بەشدارییان کرد لەم کتێبەدا.

* مامۆستا ئەحمەد حسێن سەرنووسەری گۆڤاری (سلێمانی) کە هاوکارییەکی زۆری کردم و نووسینێکی بە پێزیشی پێشکەش بەم کتێبە کرد.

* مامۆستا جەمال بابان بە نووسینێک و دوو وێنەی منالّی و تافی لاوێتی.

* کاک عومەر عەزیز مەحوی کە بەنووسینێکی درێژ و وێنەی منالّی خۆی و وێنەیەکی بنەماڵەکەیان.

* کاک عومەری کەریم ئاغا، بە نووسینی یادەوەری منالّی و بە وێنەیەکی خوالێخۆشبووی باوکی.

* کاک عوسمانی خاوەنی وێنەگری یادگار بەنووسینێک و چەند وێنەیەکی خۆی و وێنەیەکی جەمیلە خان.

* کاک سمکۆ هاوڕێی سالاری یەحیا ئەفەندی بە نووسینێک لە یادەوەری خۆی.

* کاک فازیلی ئەمین سامسۆن کە نووسینێکی بەپێزی خستەسەر لاپەڕەکانی ئەم کتێبە.

* مامۆستا حەمەفەریق حەسەنی چیرۆکنووس بەوێنەیەکی منالّیو چەند دێڕێ لە یادەوەری.

* دادوەر کاک تەها بابان، بە دوو وێنەی منالّی خۆی.

* کاک مستەفا چاوڕەش بە وێنەیەکی منالّی خۆی.

**لەگەڵ ڕێزو پێزانینم بۆ هەر یەکێک لەم بەڕێزانە**

## یەحیا ئەفەندی

# وێنەگرێکی نموونەیی و مرۆڤێکی داهێنەر



**ئەحمەد حسێن ئەحمەد**

سەرەتا دەمەوێت لە بارەی بایەخی هونەری وێنەگرتنەوە بەم چوارینە نایابەی مێژوونووس و دڵسۆزی وشەی کوردی و کوردایەتی، کۆچکردوو مامۆستا (محەمەد ئەمین زەکی بەگ) دەست پێ بکەم، کە دەفەرمووێ:

**فۆتۆگراف خزمەتی زۆرە، منم ئەم وێنە بێدەنگە**
**وەلەو نەقشێکی بێ رۆحە، لە من زیاتر بژی ڕەنگە**
**بەیادی سیدق و ئیخلاسم بمێنێ با لە خزمەتتا**
**وەفای بۆ کەس نییە دنیا، بەسەرئەچێ ئەم ئاهەنگە (١)**

ئەگەر سەرنجێک بدەینە مێژووی ئەم شاری هەڵمەت و قوربانییە، سلێمانییەکەی دڵ، دەیان و سەدان ناوی کەڵەمێردی



تێکڕای بوارەکانی ئەدەب و زانست و هونەر و کە لەپوور و تێکۆشان و دەستڕەنگین و خاوەن هەڵوێست و ئەمەکداری... تاد، بەرچاو دەکەون، کە هەریەکەیان بە گوێرەی توانا و باری ئاسایی و نائاسایی ژیان جێدەستیان دیاربووە، نەوەکانی دوای خۆیان شانازییان پێوەکردوون، یەکێک لەو رێبوارە بەخشندە و هەرە بەهرەمەندانەی بواری هونەری وێنەگرتن جەنابی (یەحیا ئەفەندی) بووە، لە سەردەمی داگیرکاری ئینگلیزەکانە و بە تێڕوانین و لێهاتوویی خۆی بەرە و پیری پیشەی وێنەگرتن چووە، وردە وردە تیایدا قاڵ بووە بە ئەزموون و بە گەڕان بووە بە یەکێ لەو وێنەگرانەی کە هیچی لە وانەی بەغداد و مووسڵ و بەسرە و کەرکووک کەمتر نەبووە، بگرە ڕێژەی تواناییەکەی سڵاوی داوەتەوە بەسەر ئەواندا ناوبانگی داوەتەوە، (یەحیا ئەفەندی) خاوەن سەلیقەیەکی ورد و داهێنەرێکی سەرنجڕاکێش و پشوودرێژ بووە، لە بەرئەوەی کە کوردو کوردستانەکەی لەلا وەک سۆمای چاوانی بووە، هاتووە لە سەرەتاوە دەیان وێنەی دەگمەنی کەسان و گەورە پیاوان و دیمەن و بۆنە کۆمەڵایەتییەکانی گرتووە، وەک شوێنەوارێکی رۆشن و یادگارێکی پیرۆز ماونەتەوە، ئەم مرۆڤە بلیمەت و وردەکارە هەردەم هانی ئەو کەسانەی دەدا کە دڵبەندی وێنەگرتن بوون وەک مامۆستاو ڕاهێنەرێک چاو و هەستی لە سەریان بووە چونکە بەلایەوە هونەری وێنەگرتن بەشێک بووە لە گەنجینەی مێژوو، دەبێت شانبەشانی گەلانی دەوروبەر کوردیش هەنگاوبنێ، تا لەم کارە پەلهاوێژ و زیندووە بێبەش نەبێت.

یەحیا ئەفەندی وەک کەسێتییەکی چالاک و قایمکار لە ڕۆژگارە سەختەکانی مێژووی ئەم شـارەدا بە پێشکەشکردنی وێنە

جوانەکانی خۆشەویستی و ڕێزی ئەم شارەی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە، ئەوەی یەکجار وێنەیەکی لابگرتایە پێی لێ نەدەبڕی و وەک گەورەیەکی سۆزدار و بەهرەمەند سەیری دەکرد، دیارە پیاوی بەڕێز خەڵکی بەلای خۆیدا رادەکێشێ.


لە یادمە لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکاندا ستۆدیۆیەکی گچکەی هەبوو لە بازاڕی عەسری دیوی جادەی مەولەوی، وێنەیەکم لاگرت بەبڕی (٥٠فلس)، روانیم هەندێ مقەبای رەنگینی لە لایە بۆ ئەو مەبەستە بەکاری دەهێنا و فەرمووی رۆڵە مرۆڤ دەستی دایە هەر کارێ دەبێت تیایدا قاڵ بێت و پەرەی پێ بدات هەر لاسایی کردنەوە بەس نییە، بەڵکو مێشک و چاو و دڵ و ژیری رێ نیشاندەرن پێویستە مرۆڤ کات بە فیرۆنەدات، پەرە بە تواناکانی خۆی بدات، بناغەیەکی پتەو دابڕێژێ، بەڕاستی ئەمە بڕیاری ویژدانە با مێژوو بە کەمتەرخەممان نەزانێ و گلەییمان لێ نەکات.

یادت بەخێر، ئەی خەمخۆرە ئاوابووەکەی شاری سلێمانی، تۆ هەمیشە لە لووتکەی نەمریدا دیاری، ئێمەش بە پەرۆشەوە لێت دەڕوانین و شوێنەوارەکانت بەرز دەنرخێنین.

## پەراوێز:

(١)ئەم چوارینەیە خوالێخۆشبوو ئەمین زەکی بەگ لە پشتی وێنەیەکی فۆتۆگرافی خۆیەوە نووسیوێتی و پێشکەشی شێخ زەینەدینی نەقشبەندی کردووە، لە یەکێ لە ژمارەکانی گۆڤاری (رەنگین) دا بڵاومان کردۆتەوە.





كتاب

السليمانية

تأليف

فهمي حسن عبد المجيد

١٩٥٧



المصور العصري السيد يحي نزهت

مستعد لسحب الصور الفوتوغرافية بصورة فنية ، وصناعة متقنة

كما انه مستعد بتكبير وتلوين كافة
التصاوير والمناظر الطبيعية
بالألوان الزاهية

ولديه كافة مناظر الشمال الجميلة
كالجبال والشلالات وغيرها

وباسعار زهيدة للغاية

راجع محله الكائن قرب
سراي الحكومة — سليمانية
لتثق من صدق ما نقول

السيد يحيى نزهت

ئەم وێنانە بەرگی
کتێبێکی عەرەبیە
لە سەر سلێمانی
وەک ریکلام
کراوە بۆ دوکانی
وێنەگرییەکەی یەحیا
ئەفەندی لە مامۆستا
ئەحمەد حسێن-ەوە
پێم گەیشتووە

# وێنەگرتنی ئەوسا بۆ مێژوو



## جەمال بابان

لە شاری سلێمانی لە ساڵانی سییەکان بەدواوە وێنەگری حازربەدەست نەبوو، من تەمەنم حەوت ساڵان بوو، لەگەڵ باوکم و خوشکەکەم ڕەحمەتی خوایان لە سەربێت و لەسەر داوای (حەمدی بەگی مستەفا بەگ برای عەزمی بەگی باپیرم) لە ئەستەمبووڵ کە وێنەی بنەماڵەی عەزمی بەگی بۆ بنێرن، چوینە لای مەحمودە فەنی (باوکی محەمەد قودسی شەهید)، ساڵی (١٩٣٧) وێنەیەکی رێک و پێکی بۆ گرتین ئێستاش ماومە و شانازی پێوە ئەکەم.

دوای ئەوە ساڵی (١٩٣٨) یەحیا ئەفەندی (ڕەسام) وێنەیەکی تەنهای خۆمی بۆ گرتم، ئەوسا قوتابی سەرەتایی بووم لە قوتابخانەی (فیصلیە) لە پۆلی چوار.

ساڵی (١٩٤٥) جارێکی تر لای یەحیا فەنی بە پۆشاکی کوردییەوە وێنەی بۆ گرتم کە ئێستاش ماومە.

شوێنی یەحیا فەنی لە ڕاستە دووکانەکانی تەنیشت سەرا لە خوارەوە بۆ سەرەوە کە دووکانی (مەلا عەلی مەڵکەندی مۆرهەڵکەن و خێرخواز، دووکانی حاجی ئەحە تەتە، ئینجا چایخانەی فەتاح و لە ولاوە چایخانەی ئەمینە سجەو یەک

دوو دووکانی تر ئینجا لە سەرەی سەرەوە، بەڵام نەختێک بۆ دواوە کە شوێنی یەحیا فەنی بوو، لە پشتەوە ماڵی دکتۆر (جۆرج یۆنانی) بوو، بەکورتی ئەو دووکانانە ئێستا شوێنی کتێبفرۆشەکانە لەسەر راستەشۆستەکەی تەنیشت سەرای سلێمانی.
وێنەگری ئەوسا بە ماکینەی کامێرا لە سەر سێپا، وێنەگر بۆ ئەوە شەوقی لێنەدا خۆی بە پۆشاکێکی رەش دائەپۆشی و ئەو کەسەی وێنەکەی پێویست بوو بەرامبەر، لەم دوایيەدا یەحیا فەنی وێنەی فرۆکەیەکی لە تەختە دروستکردبوو، وێنەی ئەوانەی حەزیان لەناو فرۆکە بوو، لە وێدا ئەیگرت، وای دەرئەخست کە لە ناوی تەیارەدایە.
بیرم دێ ساڵی (١٩٣٦) خوالێخۆشبوو محەمەدی خاڵ یەکێک لەو وێنەگرە گەڕۆکانە لەگەڵ خۆی هێنا بۆ ماڵی باپیرم، عەزمی بەگی بابان بۆ گرتنی وێنەی ئەو (قەباڵە) یەی سلێمان پاشای کوڕی خالد پاشای بابان کە (واژۆی) چەندەها زانای ئەو سەردەمی پێوەبوو، لە چەندەها سەرچاوەدا بڵاوکراوەتەوە، بۆ بەخشینی هەموو موڵک و ئەرز و رووبار و خانوو بە زانایان و قوتابیان و فەقێکان، ئەمەبوو جۆری وێنەگرتنی ئەوسا بۆ مێژوو، زۆر بەکورتی.



وێنەی بەڕێز جەمال بابان ساڵی ١٩٣٨
لای یەحیا ئەفەندی گیراوە





وێنەی بەڕێز جەمال بابان لە تافی لاویدا
ساڵی ١٩٤٥ لای یەحیا ئەفەندی گیراوە

# یەحیا ئەفەندی وێنەگر

## چۆن بە بێدەنگی ژیا... هەروەهاش بە بێدەنگی مرد



**عومەر عەزیز مەحوی**

یەحیا ئەفەندی رەسام یاخود وێنەگر، ئینسانێکی پەپوولە ئاسایی رۆح سووک و بێوەی بوو، لە هەر دووکان و گوزەرێکدا دانیشتبێت و ژیابێ بێ لە کاسبکاری خۆی، هەقی بەسەر هیچ شتێکەوە نەبوو.
بەپێی مێژووی لە دایکبوون و کۆچی دوایی تەمەنی کە لە (١٩٧٦/١٠/٩) عەمری خوای کردووە [١]، نزیکەی (٨٧) هەشتاوحەوت ساڵ ژیاوە و تەمەنی بەسەر بردووە.
ئەو مرۆڤە دڵ و دەروون ساف و پیاوە ئیشکەر و گورج و گۆڵە، بەو درێژاییەی تەمەن و عومرەی هەر لە ئیشو کاردا بووە و بە عارەقی ناوچەوان ڕشتن و ڕەنجدانی خۆی ژیاوە و تەنانەت لە عومری پیریشدا نانی بە منەتی هیچ کەسێکی نەخواردووە.
ئەوجا ئەگەر بەهەق راستی مانا و وشەی (رەنج... رەنجبەر... رەنجدەر)، لەو ڕووەوە بەسەر ئینساندا (راڤە و تەتبیق) بکەن.

ئه‌وا ئه‌و هه‌ڵوێست و کرداره پیرۆز و شیرینانه کوت و مت به‌سه‌ر ئه‌و پیاوه ئازا و له‌ش سووک جوامێره‌دا ده‌چه‌سپێت و پڕ به‌پێستی خۆیه‌تی [٢].

یه‌حیا ئه‌فه‌ندی زۆرینه‌ی کات و ژیان به سه‌ربردنی له دووکانه وێنه‌گرییه‌که‌یدا بوو، به‌هۆی ئه‌و کاره هونه‌رییه‌وه هونه‌ری وێنه‌گرتنه‌وه بژێوی ژیانی ماڵ و حاڵی په‌یدا ده‌کرد، وه‌ک بیره‌وه‌ری و یاده‌وه‌رییه، که من له بیرو یادمدا مابێ و مێژووی یه‌که‌م دووکانی که ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ به‌ر (٧٠) ساڵ حه‌فتا ساڵ له مه‌وپێش و دووکانی دووه‌میشی هه‌ر پێش (٤٠ یا ٤٥) ساڵانی ده‌بوو، ئه‌و دوکانانه گه‌لێ کار و سه‌مه‌ره‌ی به‌رز و سه‌روه‌رییان ئه‌مڕۆ بۆ به‌جێ هێشتووین.

* یه‌که‌م دووکانی یه‌حیا ئه‌فه‌ندی، ئه‌و دووکانه که دوکانێکی بچکۆلانه و خنجیلانه بوو، که وتبووه پشت کۆڵانی ئێستای بانکی گۆیژه و رووی دووکانه‌که به‌رامبه‌ر بینا نوێژه‌نکه‌ره‌که‌ی ئێستای سه‌راوه بوو، خه‌سته‌خانه‌ی مه‌عاریفیش که بینایه بوو به‌چه‌ند پێپلیکانه‌یه بۆی سه‌رده‌که‌وتی، به‌ته‌نیشت دووکانه‌که‌وه بوو.

ئه‌و دووکانه خنجیلانه له ناویدا به‌س چرپایه‌کی ته‌خته‌ی تیابوو، له کاتی بێ ئیشیدا، یه‌حیا فه‌ندی ئۆقره و پشووی به‌ده‌م گوێگرتنی رادیۆ پاترێکه‌وه تێیا ده‌گرت، به‌ڵام ئامێری وێنه‌گرتنه‌که و چاوی کامێره‌که‌ی که سندوقێکی لاکێشه‌یی و به عه‌بایه‌کی ره‌ش داپۆشرابوو به‌سه‌ر سێپایه‌که‌وه دانرابوو له ژێر سێپاکه‌شدا سه‌تڵێ ئاوی ڕوون و سازگار هه‌بوو، یه‌حیا فه‌ندی که وێنه‌که‌ی ده‌گرت و ته‌واو ده‌بوو، وێنه‌کانی تیا ڕوون و ڕووناک ده‌کردنه‌وه.

* من وەک ئەم بیرەوەرییە پێم وایە یەکەم وێنەیە گرتبێتنم لە و دووکانەدا بووە، لە یادمە ساڵی (١٩٤٦-١٩٤٧) کە تازە نزیک تەمەنی خوێندن و چوونی قوتابخانەم بوو، باوکم بە ڕەحمەت بێ (عومەری وەستا قادری دارتاش، قالەی حەسۆ) کە دراوسێ دووکانمان بوو، کاک عومەری بانگ کردو پێی وت: کاکە عومەر بەڵکو عومەری کوڕم بەریت و وێنەیەکیم بۆ بگری، بڕیارە سبەینێ داخڵی قوتابخانەی بکەین، کاک عومەریش دەستی گرتم و بردمییە ئەوێ، واتە دووکانی یەحیا ئەفەندی (ڕەسام - وێنەگر).

کاتێ یەحیا فەندی لێم وردبۆوە و سەرنجی لێدام، دیاربوو کاکە عومەری وەستا قادری دەناسی و پێی وت: عومەر ئەم (سەرو کەللەیە) ڕوو ڕوخساری وێنەگرتن و قوتابخانە نییە! کاک عومەیش وتی: مامۆستا بۆچی؟ یەحیا فەندیش وتی: ئەم (تۆپەڵە مێوەو مووڕووە شینە) چین بەقژییەوە؟!، ئەوەندەی بڵێی یەک دوو چووە دووکانە خنجیلانە تاریک و تنووکەکەوە و مقەستێکی هێنا، سووک و ئاسان (مووڕووە شینەکە و مێوو تاڵە قژ ئاڵۆزکاوییەکانی) داپاچی و وتی: فەرموو دە ئامادەبە وێنەکەت بگرم.

وێنەکەی گرت و لێ بووەوە، مقەستەکەی کە لەسەر ئامێری وێنەگرتنەکە دانابوو، هەڵیگرت بیباتەوە شوێنی خۆی، لەم کاتەدا غەڵبە غەڵب و دەنگە دەنگێ پەیدا بوو، کاک عومەر وتی: مامۆستا یەحیا ئەمە چییە؟ ئەم قەڵەباڵغییە چین؟ یەحیا فەندیش وتی: عومەر هەموو ڕۆژێ قوتابیانی چەند مەکتەبێ دێن بۆ خەستەخانە بۆ چارەسەرکردنی دەرد و نەخۆشییەکانیان، بەڵام دکتۆرەکەی دکتۆر نین! وەک سەر و قژ بڕینەکەی من



وەهایە، لام وایە لە شوێنی خۆی دکتۆر دەلاک بوو، ئێستا خۆی لە ئێمە کردۆتە دکتۆر، هەرچی قوتابیە فەحس دەکات، تۆپەڵێ لۆکەی دەداتێ و پێی دەڵێ: تۆ زوکامتە، لۆکەکە هەڵمژە شیفات دێ. [٣].

لە وەدا بوو بڕۆین و هەقی وێنەگرتنەکەی بدەینێ، وتی: عومەر ئەمە کوڕی کێیە؟ کاک عومەریش درێژەی بە قسەکە نەداو ئەوەندە نەبێ وتی: مامۆستا لە خێڵ و بنەماڵەی (مەحوییە)، ئیتر کاک عومەر هەرچەندە تێکۆشا و کردی کە هەقەکەی تەنها (٢٥) بیست و پێنج فلسێ بوو لێی وەرنەگرتین و وتی سڵاوم هەیە بۆ هەموو خێڵی مەحوی.

* دووەم دووکانی یەحیا ئەفەندی، ئەو دووکانە کە لە دوای ساڵانی شەستەکانەوە بینیبوم لە گەروو قورگی سەرشەقامی مەولەوی دا بوو، لە ژێر قالدرمەکانی شارەوانیدا کە هەنووکە و ئێستا بازاڕی عەسرییە، روونتر بڵێین ئەو دووکانە بەرامبەر تەلاری (رەشەمۆڵ) و سینەمای رەشیدی جاری جاران بوو، هەرچەند لە چاو دووکانە گلێنە تاریک و تنووکەی پێشوویدا زۆر بچووک و تەنگەر بوو، بەڵام ئەم دووکانەیان جیاوازییەکی گەورە و بەرچاوی چ لە ڕووی شێوە و چ لە ڕووی ناوەڕۆکەوە هەبوو، ئەم رووناک و رۆشنا و کۆنکرێتی مووسەللەح و لە بارەی چاوی کامێرە و ئامێرەکانی وێنەگرتنەوە گۆڕانکارییەکی نیمچە سەرکەوتن و پێشکەوتنێکی بەخۆوە بینیبوو، تەنانەت بەڕووی جامخانەی بەر دووکانەکەشیدا چەند وێنەیەکی لە وێنە دێرینەکانی شێخانی هەورامان و شێخانی حەفیدی سلێمانی و شار و مەلیکەکانی عیراقی پێوەبوون، بێ لەم هەموو گۆڕانکارییانە، هەروەها یەحیا فەندی خۆشی بە تەواوەتی لە



شێوە و روخساردا گۆڕینی بەسەردا هاتبوو.

*ئەوسا لە ساڵەکانی چلەکاندا ئەگەر وەک هەرزەکارێکی ڕووە و عومری بەتەمەنی و کامڵ چوون دەبینرا، ئەوا لەم وەخت و کاتەیدا پیری و لاوازی و تەنانەت بێ وزەیی و بێتاقەتی پێوە دیاربوو.

زەعیف و لە ڕوو لاواز پشتی نیمچە کۆماوەو قەدی باریک بوو بوو، هەندێ جاریش لە دووکانە خنیجلانەکەیدا نەئەبینرا، تا خۆم دڵم خوتوورەتی ئەوەی دەکرد تۆ بڵێی یەحیا فەندی نەخۆش بێ، یان خوانەخواستە نەمرد بێ، ئینجا بۆ ئەوەو ئەو دووکانەی چەن بیرەوەرییەکم لە لایە.

کاتێ پرسیم لە دووکاندارێکی دراوسێ دوکانی بۆچی (بەین بەین) یەحیا فەندی ونەو دیارنییە؟ خۆ خوانەخواستە کارەسات و روداوێکی ناخۆش و دڵتەزێنی لێ روونەداوە؟ کابرای دووکاندار لە وەڵامدا وتی: وەڵڵا بڵێم چی هەر ئەزانی ئەچێتە (ئەملاو ئەولا) بۆ رەسم و وێنەگرتنی گەورە پیاوانی شار و هیچیشی دەستکەوتی لەو بارەیەوە دیارنییە.

هێشتا ئەو کاکەیە قسەکەی تەواو نەکردبوو، یەکێک سڵاوی لێکردین و کە سەیرمان کرد یەحیا فەندی رەحمەتییە، کابرای دراوسێ دووکان وتی: ئاغا یەحیا فەندی بەسەر قسەی خۆتدا هاتیتەوە، باسی تۆمان دەکرد، وەڵڵا هەمووان لە ئاستی یەکتریدا دڵ و دەروونمان پاکە.

من وشەی (ئاغا) کە ئەو دراوسێیەی یەحیا فەندی بەو ناو نازناوەوە بانگهێشتی کرد، بە لامەوە سەیربوو خۆم لە خۆم دەربارەی ئەو وشەیە چەندان پرسیارم لە خۆم دەکردو هەر خۆشم وەڵامی خۆم دەدایەوە، ئەنجام هیچم بۆ هەڵنەهات و

نەگەیشتم بەهیچ راستییەک بۆ بەیانی دوای ئەو رۆژە هەستام چووم بۆ لای کابرای دراوسێ دوکانداری یەحیا فەندی و بەگفتێکی شیرین و ڕەوان پێم وت: ئەرێ برا، ئەو واتەیەی دوێنێ کەبە یەحیا فەندیت بە نازناوی (ئاغاوە) بانگ کرد، گاڵتەوگەپ بوون یاخود بە ڕاستت بوو؟

ئاکام کابرای دووکاندار وتی: کاکە بۆ دەپرسی؟ وەڵڵا یەحیا فەندی لە خێزان و بنەماڵەیەکی تا بڵێی وەجاخزادەیە، تۆ سەیری قەڵافەت و جل و بەرگ مەکە، ئینسان ئەو ئینسانەیە بڕوانێتە هەڵوێست و کرداری ئینسان، کردەوە و کاری ئینسان ئەسڵ و فەسڵی ئینسان دەردەخات، ئەوجا ئەگەر لە ئاغایەتی یەحیا فەندی ئەپرسی لە (ئاغا) ئاغاترە و بێ لە یەحیا فەندی زۆر کەسیش بەناوی (یەحیا ئاغای کوڕی سەعید ئاغای کوڕی کەریم ئاغاوە) ناویان دەهێنا. (٤).

*لەو ماوەی دوو دووکانداریی‌ەی وێنەگرتنی مامۆستا یەحیا فەندی (١٩٤٥-١٩٦٥) کە بینیومن و تا کۆچی دوایی لە ساڵی (١٩٤٥)ەوە تا ساڵی (١٩٧٦) کە دەکەن (٢٠-٣٠) ساڵێ، بەم راستی و حەقیقەتانە گەیشتووم و ئەشێ زۆر کەسانی تریش ئەم حەقیقەت و راستیانەیان لا بێت و نکوولّی و بەر هەڵست بوونی نەکەن.

١ - تا دەرحــاڵ و ئێستا بۆم ڕوون و ساغ نەبوونەتەوە خوالێخۆشبوو (یەحیا فەندی، یەحیاغای سەعیدی کەریم ئاغا) لە دایکبووی چ شوێن و چ شارێکە، هەرچەندە هاتنی بۆ شاری سلێمانی لە ساڵەکانی پێش (٣٠و ٤٠) کانەوە دەبەستنەوە، تەنانەت ئەو شوێنەی کە لێوەی هاتووە، کە دیارە هەر لەو مەڵبەند و دەڤەرانەشدا چاوی بەدنیا هەڵهێناوە، خەڵکی

قسە بەزۆری لە سەر هاتنی لەم دوو شوێنەوە (بادینان) یان (خانەقین) دەکەن.
٢- یەحیا فەندی وێنەگر، بۆیە بەنازناو و لە قەبی (ئەفەندی)یەوە ناوزەند و مەشهورو و مەعروف بوو، تەنانەت (ناو و لە قەبی) ئاغا و ئاغایەتی لەو ڕووەوە سڕابۆوە و نەمابوو، چونکە بە درێژایی تەمەنی بەتایبەتی کە زۆرینەی ژیانی لە سلێمانیدا بووە، کەسێ نەبوو بە (جلو بەرگی) کوردییەوە بینیبێتی و ڕەچاوی کردبێ.
هەروەها ئەو ماوە و کاتانەشی بەهەر هۆیەک بووبێ کە لە مووسڵ و بەغدادا گوزەراندوێتی (جلوبەرگی) ئەو ناوچانەشی وەک (جلوبەرگی) کوردی نەپۆشیوە.
٣- یەحیا فەندی لای خەڵکی بە مرۆیەکی قسەخۆش و نەستەق، قۆشمە و سوبعەتچی ناسرابوو، حەز و ئارەزووی زۆریشی لە شیعر و ئەدەبیات هەبووە، شیعری شاعیرانی کوردی گەلێ لە بەربوو زیاتر مەیلی بەلای هۆنراوەی هەورامیدا و شیعرەکانی مەولەوی لا پەسەندو لائیق بوون، دەشڵێت: گوایە دیوانێکی هۆنراوەی بووە، جا نازانم ئەو دیوانەی لای نەوەکانی پارێزراوە یان نا، بێ لە زمانی زگماکی کوردی خۆی، زمانەکانی (عەرەبی، هندی، ئینگلیزی) پشی زانیوە، بەڵام بەنووسین (هیندی و ئینگلیزی) نەکردۆتە پیشە.
رەحمەتی خوالێخۆشیبوو یەحیا فەندی مرۆڤێکی بەمانای تەواو کۆمەڵایەتی بووە، لەگەڵ زۆرینەو زۆری کە سایەتییە ناودارەکانی کوردا عیلاقە و پەیوەندییەکی خۆش و دۆستانەی هەبووە، بەتایبەتی لەگەڵ شێخانی هەورامان و لە سلێمانیشدا لەگەڵ حەفیدزادەکاندا.
یەحیا فەندی یەکێک بووە لەو زاتە بە ڕێزانەی وەک سەربازێکی



ونبوو باس نەکراو بەڕۆح و گیانێکی نیشتمانپەروەری و دڵسۆزییەوە هاوبەش و بەشداری شۆڕشەکانی شێخ مەحمودی نەمر، مەلیکی کوردستانی کردووە، هەمیشە و هەردەم بە سەرکەوتنی شێخ بەسەر دوژمنانی نەتەوەی کورد دا لە خۆشیانا شا گەشکە و بە نەهامەتییەکانی شێخیش غەمبارو عاجز بووە.

٤ – یەحیا ئەفەندی ڕەحمەتی پێم وایە لە دەور و چاخی رابوردوودا و لە سەردەمی خۆیدا، ئەگەر یەکەم وێنەگر نەبووبێ لە شاری سلێمانیدا ناکرێ لە ڕیزی پێشەوەی وێنەگرانی شاری دانەنێن.

بەڵگەی ڕاستی ئەو قسەیەش ئەوەیە: زۆری وێنەگرتنی گەورە پیاوان و کەسایەتییە ناودارەکانی شاری سلێمانی لە چاوی کامێرەی ئەو هونەرمەندە گەورەیە وەرگیراون.

ئەو زاتە خۆی بێ ئەوەی پێی بڵێن دەچوو بۆ لای پیاوە ماقووڵەکانی شار وەک ڕێزداران (شێخ مەحمود و شێخ قادری برای و شێخ حسامەدین و شێخ عەلائەدین و مەلا ئەسعەدی مەحوی[٥] و شێخ لە تیفی دانساز و حەپسەخانی نەقیب و سەیی نووری نەقیب و پیاوانی دزڵی و کانێسکان و [٦]، وێنەیان بۆیە دەگرم کە وێنەگرتنیان لە ئایندەو دوارۆژدا دەبێتە مێژوو لاپەڕە شکۆدارەکانی مێژووی نەتەوەکەمان دەوڵەمەند دەکات و پێی دەڕازێتەوە منیش لەو رووەوە دەڵێم ئەی ئافەرین یەحیا فەندی بۆ خۆت و هەڵوێست و کرداری دووربینیت، خۆزگەم ئەمایت و دەکەوتیتە ئەم رۆژو ساتەوە، تا بتزانیایە چۆن (وێنەکان دەدوێن) و دوێنێ و رۆژانی رابووردومان وەک مێژوویەکی پڕ لە شانازی و بە تۆمارکراوی دەخەنە بەرچاوو دیدە.

٥-ئەو وێنانەی مامۆستای هونەرمەند و پسپۆڕ و شارەزای



وێنەگرتن (یەحیا فەندی) گرتوونی و ئەگەر ئەرشیفیستێک بگەڕێ و کۆ و گردییان بکاتەوە، پێموایە ئەرشیفستانێکی گەورە و مەزنی مێژووی لێ دەرسکێ و دەکەوێتەوە، کە بەو خزمەتەشی دیارە خزمەتێکی گەورە و بەرچاو و تێر و تەسەل بە باری کۆمەڵایەتی و ژیار و شارستانی و رۆشنبیری گەل و نیشتمان و نەتەوەکەمان دەکەین.

## دوا وتەو کۆتایی

لە کۆتایی و دوا قسەدا دەڵێین یەحیا ئەفەندی سڵاو درووود لە گیان و رۆحی پەپوولە ئاسایت بێ لە گۆڕی تەنگو تارداو (٧) قەبرت رۆشن و رووناک بێ، بێدەنگ وەک ئەو بێ دەنگییەی چۆن بێدەنگ ژیایت و هەر بەبێدەنگیش مردیت و سەرت نایەوە، تەمەندرێژیش بۆ نەوەکانت، هەموان هەربژین بەشادی و گوشادی.

## پەراوێزەکان:

(١) بۆ ڕازاندنەوە و دەوڵەمەندکردنی ئەم باس و نووسینە سوودم لە (ژیان و چەند شیعرێکی بڵاونەکراوەی یەحیا ئەفەندی) وەرگرتووە لە نووسینی (رەئووف شێخ جەمیل) گۆڤاری ڕۆژی سلێمانی ژمارە (٢٦، ٢٧) ساڵی (٢٠١٥).

(٢) ڕەنج... ڕەنجبەر... ڕەنجدەر، بەو کەسانە و مرۆیانە دەڵێن کە بەعارەقی ناوچەوان و رەنج و رەنجبەری خۆیان لە بەرو بەرهەمی رەنجدەریان دەخۆن.

(٣) ئەو دکتۆرەی خەستەخانەی مەعاریفی ئەو ڕۆژە خەڵکی وڵاتی لوبنان بوو، وەک یەحیا ئەفەندی دەڵێ: هیچی لە کاری پزیشکی نە دەزانی، پاش شۆڕشی چواردەی تەمموزی ساڵی (١٩٥٨) چۆوە بۆ لوبنان و یەحیا فەندی ڕاستی وتبوو ئەنجام دەلاک دەرچوو.

(٤) بۆ نازناوی (ئاغا و ئاغایەتی) یەحیا فەندی و زیاتر وەرگرتنی

زانیاری لەو بارەیەوە تکایە بڕوانە، نووسینەکانی (ڕەئـووف شێخ جەمیل) گۆڤاری (ڕۆژی سلێمانی) ژمارە (٢٦، ٢٧) ساڵی (٢٠١٥).

(٥) من پێی بزانم دوو وێنەی (مەلا ئەسعەدی مەحوی) لە ساڵانی (١٩٣٦و ١٩٣٧) کە یەکێکیان لەگەڵ ئەم باسەدا نیشاندەدرێت لە چاوی کامێرەی هونەرمەند (یەحیا فەندی)یەوە وەرگیراون.

(٦) مەبەست لە وێنەگرتنی خوالێخۆشبووان هەردوو (مەحمود بەگی دزلّی و مەحمود بەگی کانیسانن) کە بەڕێزیان خۆشەویستی شێخ مەحمودی حەفید بوون و کەسانێ بوون لە لایەنگیرانی شۆڕشەکانی شێخ.

(٧)ئێستا گۆڕو قەبری پڕ لە نوور و ڕەحمەتی مامۆستا یەحیا فەندی لە گۆڕستانی سەیوانە و لە ژێر سایەو سێبەری دار ئەرخەوانەکاندا ئـارام و هێمن خەوتووە و بـەدەم خەوتنیەوە هـاوار و ناڵەی نەتەوەکەیەتی و سروودی سەرکەوتنیان بۆ دەڵێ و دەخوازێ.



ئەم وێنەیە بەکامێرای یەحیا ئەفەندی گیراوە لە ساڵانی (١٩٣٧-١٩٣٨)
دانیشتووەکان لای ڕاستەوە: مەلا ئەسعەدی مەحوی، محەمەد خدر... محەمەد خدر کۆیی .
ئەوانەی بەپێوە وەستاون لای ڕاستەوە: شێخ قادری شێخ ئەحمەد بەرزنجی (شێخ قادرە ڕەش)، مامۆستا ئیسماعیل شاوەیس، مامۆستا موحەڕەم محەمەد ئەمین، ئەفسەر کاک محەمەد قودسی ,.



یەکەم وێنەی عومەر عەزیز مەحوی، بە کامێرەی خوالێخۆشبوو (یەحیا ئەفەندی) گیراوە بۆ وەرگرتنم لە پۆلی یەک و چوونە قوتابخانەم.



# بیرەوەرییەکانی کاک عوسمان
# خاوەنی وێنەگری یادگار



**-ناوی عوسمانی حاجی محەمەد.**
**-لە دایکبووی ساڵی (١٩٣٨).**
**-خەڵکی شاری سلێمانی گەڕەکی سەرکارێز.**
**-ساڵی (١٩٥٦) دووکانی وێنەگری یادگاری داناوە لە سەرووی سەرای سلێمانی شەقامی ئۆرزدی.**

## بیرەوەرییەکان

* باوکم دووکانی وشکەی هەبوو، بەرامبەر بەسەرا، نزیکی وێنەگرییەکەی یەحیا فەنی، ئەوکاتە من تەمەنم دوانزە ساڵ بوو لەگەڵ هاوڕێکانما، شێخ تالب بەرزنجی، حسێنی مام عەلی زەڕەنگەر، دڵشاد رەئوف ئەمین، نەوزاد مەحمود ئەمین و چەند هاوڕێیەکی تر، کامێرامان بەکرێ دەهێنا لای یەحیا ئەفەندی، پاشان باوکم و برا گەورەکەم (مامۆستا عەلی) بە یەحیا ئەفەندیان وت با عوسمانی کوڕمان بێتە لای تۆ وەکو شاگرد منیش چووم، ڕۆژانەکەم عانەیەک بوو، ئەوکاتە کارەبا نەبوو، بە هەموو شاری سلێمانی موەلیدەیەک هەبوو.

یەحیا ئەفەندی زیرەکی لە ڕادەبەدەر بوو، لە ژوورێکی تاریکدا لە پەنجەرەکەیەوە ڕووناکی دەهێنایە ژوورەوە، بۆ کۆپیکردنی وێنەکان ئەو ئالەتانەش هەر خۆشی دروستی ئەکردن.
کامێرای سێپای شەمسی هەبوو لە دەرەوەی دووکانەکەی دایدەنا، منیش وردە وردە خۆم فێری ئیشەکە کرد چونکە هونەرێکی زۆر خۆشبوو.
* یەحیا ئەفەندی جگە لە زمانی کوردی، ئینگلیزی، تورکی، عەرەبی، فارسی، هیندی، زمانی قەرەجیشی دەزانی و قسەی پێ ئەکردن، خەڵکیش دەهاتن بۆ لای بۆ وەرگێڕانی زمانی ئینگیزی.
*یەحیا ئەفەندی مرۆڤێک بوو بڕوای بەپێشکەوتن هەبوو، زۆر کەسایەتی و ڕۆشنبیران و شاعیران دەهاتن بۆ لای بۆ وێنەگرتن و دادەنیشتن بۆ قسەکردن، پیاوێک بوو بۆ هیچ شتێک دانەدەما، لە ڕووی سیاسی و ڕۆشنبیری و قسەی نەستەقەوە، هەمیشە ئەیووت: هەتا دراوسێکانمان تێکنەچن لە بەینی یەکدا، ئێمەی کورد هیچ بەهیچ ناکەین.
* هەڵسوکەوتی وەکو مرۆڤێکی ئەورووپی وابوو، لە ڕووی خواردن و جلوبەرگ و کاری ڕۆژانەیەوە، لە ساڵانی پەنجاکان بەرە و ژوور ئەم پیاوە سەگی هەبوو، سەگەکەی ناوی (قەستۆر) بوو، زەمیلەیەکی دەکردە ملی و هەرچی پێداویستی ڕۆژانە هەبوو یەحیا فەنی دەیکڕی و بەو سەگەدا دەینناردەوە بۆ ماڵەوە، هەستی ئەم سەگە وابوو ئەگەر یەحیا ئەفەندی بڕۆشتایە بەلایەکدا دەچووە سەر کورسییەکەی و دادەنیشت، نەیدەهێت کەس بچێتە ژوورەوە، بەسەر ئیشارەتی دەکرد کە یەحیا فەنی لەوێ نییە.

* ئەوەی من بیرم بێت و بیستبێتم پیاوێکی جوولەکە لە پێش یەحیا ئەفەندیدا هەبوو ئەویش وێنەگر بوو، ئەم پیاوەیان لەناو ماڵەکەی خۆیا کوشت، کەس نەیزانی لە سەرچی کوشتیان.

* کەمن بووم بەشاگردی یەحیا ئەفەندی سێ کەس لەم شارەدا وێنەگربوون:

١- یەحیا ئەفەندی.

٢- مەحمود ئەفەندی.

٣- مستەفا (خاوەنی وێنەگری مستەفایە)، یەحیا ئەفەندی یەکەم کەس ئەم پیاوەی فێری وێنەگرتن کردووە.

* خۆشم لە ساڵی (١٩٥٦) دووکانی وێنەگریم داناوە.



وێنەیەکی گەنجی کاک عوسمانی یادگار لە بەردەم سندووقە سێپاکەی یەحیا
ئەفەندی کە بۆ وێنەگرتن بەکاری دەهێنا





وێنەیەکی جەمیلە خان هاوسەری یەحیا ئەفەندی کە کاک عوسمانی یادگار
بەدەستی خۆی بۆی گرتووە پێشکەش بەم کتێبەی کرد



# بیرەوەرییەکانی منالێم و
# چەند وتەیەک دەربارەی یەحیا ئەفەندی



## ڕەئووف شێخ جەمیل

وەک دایکی ڕەحمەتیم بۆی دەگێڕامەوە، خۆشم شتێکم لە بیرە تەمەنم سێ ساڵان بوو، بیری منالێ تیژەو ئێستاش لە بەرچاومە و هەروەکو لە وێنەکەدا دەردەکەوێ، دایکم ئەو جلەی لە بەرکردم و منیش دەگریام، ئەیوت ئەڕۆین بۆ لای یەحیا ئەفەندی ڕەسم ئەگرین، تەسکەرەت بۆ دەردەهێنین. کردمیە باوەشی و بردمی بۆ لای یەحیا ئەفەندی، ئەویش لەسەر کورسییەک داینیشاندم بەقسەی خۆش ئەیوت: ئێستا ڕەسمێکی جوانی دەگرین، بوەستە گوڵە گیان ئەی ئافەرین، چووە سەر سنووقەکەو سەری کرد بەعەبایەکی ڕەشدا، لەگەڵ ئەوەم بینی، لەسەر کورسییەکە خۆم هەڵدایە خوارەوەو چوومەوە باوەشی دایکم، بۆ جاری دووەم هەمان شێوە دووبارە بۆوە، ئینجا دایکم داینیشاندم دەستیگرت بەپشتمەوە و لەلامەوە وەستا ڕەسمەکەیان بۆ گرتم، تەسکەرەی ئەوساش چەند لاپەڕەیەک بوو لەباری درێژی، بەرگێکی کارتۆنی هەبوو، لە ساڵی (١٩٧٩) ئەو تەسکەرەیە گۆڕا بۆ هەوییەی شەخسی، ئەم وێنەیەی دەیخەمەڕوو لە تەسکەرەکەم کردۆتەوە، بەڵام حەیف تەسکەرە کۆنەکەم نەماوە.

پاش سێ ساڵی تر بردمیانەوە بۆ لای یەحیا ئەفەندی بۆ ڕەسمگرتن بۆ مەکتەب بـەڵام ئەو جارەیان نەترسام. لە قوتابخانەی مەڵکەندی داخڵکرام، منالأنی ئەو ساڵە بۆ یەکەم ڕۆژ لە حەوشەی قوتابخانە ڕیزکراین، پۆلی یەکەمی سەرەتاییان جیاکردەوە و تێکەڵ بەیەک بووین، منالأنی گەڕەک هەمووومان یەک تەمەنمان هەبوو، زۆربەمان یەکترمان دەناسی و بەیەکەوە دەڕۆیشتین بۆ مەکتەب، ئەو کۆمەڵە منالەی ئەوسا بەیەکەوە بووین، ئێستا زۆربەی خەڵکی شار دەیانناسن، ئەمانە بوون: بەرزانی قالەی خەڵوز، سالاری یەحیا ئەفەندی، کامەران مستەفا (گۆرانیبێژ)، زاهیر غەریبی هونەرمەند (زالە)، عەلی حاجی سادق، واحیدی سدیقی مەلا عەبە و چەندەهای تر.


لەو کاتەی چوومە قوتابخانە (سـالاری یەحیا ئەفەندی)م ناسی و هەتا پۆلی شەشی سەرەتایی بەیەکەوە بووین، دوو برای تریشی هەر لەو قوتابخانەیە بوون، بەناوی (سەلأح و سەردار) ەوە، ئەوان لە ئێمە گەورەتر بوون، ئێستاش بیرمە مامۆستا شەوکەتی حاجی کەریم بێکراس کە هەڵی دەسانین بۆ سەر تەختە بەناوی باوکمانەوە بانگی ئەکردین ئەیوت سالاری یەحیا ئەفەندی هەستە، یان رەئووف جەمیل یان بەرزانی قالە هەستە.

پاشان کەپۆلی شەشی سەرەتاییم بڕی و لەو قوتابخانەیە ڕۆشتین بۆ قوتابخانەی ناوەندی هەمووومان بەر قوتابخانەی ڕۆژی نوێ کەوتین لە گەڕەکی تووی مەلیک، دیسان من و سالاری یەحیا ئەفەندی هەر بەیەکەوە بووین، بۆ ساڵی دوایی گواسترایینەوە بۆ ئامادەیی هەڵکەوت لە گەڕەکی ئیسکان، ئەو ساڵەش هەر بەیەکەوە بووین، لە قوتابخانەی هەڵکەوت





مامۆستای وێنەمان مامۆستا عەتا قەزاز بوو، ئەم مامۆستایە کەسێکی هونەرمەندی بەتوانا، مامۆستایەکی ڕووخۆش، زۆر حەزی بەوە دەکرد قوتابییەکانی پێگەیەنێ بۆ کاری هونەری وێنە دروستکردن، ئەوکاتە نەمدەزانی مامۆستا عەتا قەزاز کچەزای یەحیا ئەفەندییە، بۆ ساڵی سێیەم من خۆم نەقڵ کرد بۆ ناوەندی گۆیژە لە هەوارە بەرزە. ئیتر لە سالاری یەحیا ئەفەندی دابڕام، بەڵام هەندێجار یەکترمان دەبینی و سڵاومان لە یەکتر دەکرد یان کاتێکی کەم دەوەستاین و هەندێ بیرەوەریمان باس دەکرد، هەتا ڕۆژێک لە دووکانی تەجلیدی کتێبی برادەرێک یەکترمان بینی، دەستمان کرد بەقسەکردن، بە حوکمی ئەوەی من لە گۆڤاری سلێمانی کۆمەڵێک نووسینم دەربارەی ئەرشیفی شار نووسیبوو، بەسالارم وت وێنەی باوکی و هەندێ زانیاریم بۆ بهێنێ بڵاوی دەکەمەوە لەسەر ئەو پیاوە نەمرەی شار، سالاریش بڕیاری دا بۆم جێ بەجێ بکات، دوای ماوەیەک یەکتر بینینەوە ژیاننامە و چەند شیعرێک و کۆمەڵێک فیلمی بۆ هێنام. ڕاستییەکەی من نیازم وابوو تەنها چەند لاپەڕەیەک دەربارەی بنووسم، هەرچەندە ئەوەشم کرد و لە گۆڤاری ڕۆژی سلێمانی بڵاوم کـردەوە، بەڵام کە گۆڤارەکە دەرچـوو چەند کەسێک دەست خۆشیان لێ کردم، وردە وردە بڵاوبۆوە لە ناو خەڵکا، ئەو وتی منیش وێنەم هەیەو یەکێکی تر وتی وێنەی منالێم ئەو گرتوویەتی، بە ڕاستی منیان هاندا بۆ کۆکردنەوەی چەندەها وێنە و کۆمەڵێک زانیاری تا وردە وردە بووە ئەم کتێبەی لە بەردەستدایە، زۆر سوپاسی گەورە و بچووکی هاوڕێیان و کەسایەتی ئەم شارە دەکەم، بۆ هەوڵ و ماندووبوونیان چ بەنووسین چ بەپێدانی وێنەکانیان.



وێنەی ڕەئووف شێخ جەمیل ساڵی ١٩٦٥ لە تەمەنی سێ ساڵیدا بە کامێرای یەحیا ئەفەندی گیراوە

# بیرەوەرییەکانی مندالّی و سەگەکەی یەحیا ئەفەندی



## عومەری کەریم ئاغا

وردبوونەوەو تێڕوانین بۆ ناو ناخی هەر مرۆڤێک بەدواداچوون و هەڵپەی دەوێ تا ئەگەیتە ئەو قەناعەتەی ڕاستی ناخو مۆخ و دڵ و دەروونی کەسایەتییەکەت بۆ دەردەخا، لای ئێمەی کورد وا باوەو دەوترێ هەرتەمەن و ئاست و پێداویستی خۆی هەیە، له منالّیمەوە بۆ بالّقبوون و بۆ کاملّی و دواجار پیری ئەگەر مەرگ مەودا بدات، ئەشووترێ منالّ و نەخۆش و پیری یەککەوتە گلەییان لەسەر نییە. هێندەی پەیوەستە بەمنەوە تەمەنی منالّیمە لەکوچە و کۆلانی گەڕەکەکەمانا لەگەڵ هاوڕێیانم و خزمانی گەڕەکدا کە خۆی لە جۆرەها یاری و گەمەی ئەو سەردەمەدا خۆی دەبینێتەوە، هەندێ جاریش بەهۆی کالّفامییەوە منالّ هەڵسوکەوتەیەک ئەکات کەڕەنگە بەدڵی گەورەکان نەبێت، دوای کاملّبوون منالّەکە بەپێی تەمەنی بیرو هۆشی ئەکەوێتە نەشونما، هیچ مرۆڤێکیش نیە لەسەر ئەم گۆی زەوییە بەرفراوانەدا تووشی هەڵە نەبووبێ، بەلاّم مەرجە لەهەر

هەڵەیەک وانە وەرگرێت و دووبارەی نەکاتەوە، تا ئێرە بەسە بۆ تێگەیشتن لە ژیان.

هەمووان باش دەزانین مرۆڤ لە لووتکەی ریزدایە بۆ هەڵسەنگاندن لە ئاست هەموو زیندەوەرەکانی دیکەدا، دوای مرۆڤیش گیاندارەکانی تر لە ئاژەڵ و باڵندەو مار و مێرو هەریەک بە گوێرەی خۆی، بەپێی پەیوەندی مرۆڤ بەهەندێ ئاژەڵەوە لە دێرزەمانەوە ئالودەی پێوەدیارە کەلە خزمەتی مرۆڤدا بوون، بۆ نموونە مەڕ و ماڵات، گوێدرێژ و سەگ بەتایبەتی.

با زۆر درێژەی نەیەمێ، بەندە لێرەدا باسی سەگ ئەکەم کە چەند بەوەفایە و بەتیکەیەک نان پاسی خاوەنەکەی و ئەو شتانەش ئەکات کەهی ئەوبێ.

## دەقی باسەکە:

پیاوێکی بەتەمەن هەبوو لە گەڕەکەکەماندا بەناوی یەحیا فەنی، کاری وێنەگری ئەکرد، لەخانوویەکدا دەژیا کەچەند ماڵێکی کەی تێدابوو پێیان ئەوت خانەکەی یەحیا ئەفەندی، پیاوێکی لە سەرخۆو هێمن و سەرنجڕاکێش، رۆژانە بە بەردەمی منالانی گەڕەکدا بەرە و دووکانەکەی بەڕێدەکەوت. زۆربەی جار سەگێکی قاوەیی بەدوایەوە بوو، ناوی نابوو (قەستۆر) ئەم سەگە رۆڵی ئیشکەرێکی بۆ ئەبینی بە ناردنەوەی هەندێ شتومەک لە بازاڕەوە بۆ ماڵەوە و بە پێچەوانەشەوە لە ماڵەوە دەگەڕایەوە بۆ دووکانەکەی یەحیا ئەفەندی.

رۆژێک سەگەکە بەتەنیا بوو، منیش وەک منالێکی نەفام ڕاومنا جۆرێک لە ئەزیەتدانی بە خۆیەوە دی، بۆ ڕۆژی دوایی یەحیا فەنی و سەگەکەی هاتنە بەردەممان لە کۆڵان یاریمان ئەکرد، دیاربوو سەگەکە شکاتی کردبوو، یەحیا فەنی بە ئاماژە






پێیوت کامەیان بوو، سەگەگەش ڕێک هاتە بەردەمم و وەک بڵێ ئەمەیانە، یەحیا فەنی فەرمووی ڕۆڵە بۆ ئازاری ئەدەیت؟ خۆ ئەو ئازاری کەستانی نەداوە، منیش پێم وت گەورەم داوای لێبوردنت لێ ئەکەم، دیارە سەگەکەی تۆ لە من هۆشمەندترە، ئەویش دەستێکی هێنا بەسەرما وتی: بە منداڵی کارێک مەکەن لە گەورەییدا پەشیمان ببیتەوە.

باوکم وێنەیەکی جوانی هەبوو، ئێستاشی لەگەڵ بێ هەر لە باخەڵمایە، وتم: بابە گیان ئەو وێنەیەت لە کوێ گرتووە، فەرمووی لای یەحیا فەنی.

لە ڕاستیدا تا بڵێی وێنەیەکی سەرنجڕاکێش لەبەر دووکانەکەیدا دەڕابـەی دوکانەکەی داپاوەتەوە وەکو پشتێک بۆ وێنەکە، لەو دەمەشدا بابەتی وێنەگرتنەکە بریتی بوو لە سندوقێک و سێپایەکی پێوە بوو، دەمی سندوقەکە لە پشتەوە جۆرە قوماشێکی پێوەبوو کە ڕوناکی لێنەئەچووە ژوورەوە بۆ ناو سندوقەکە، لە ناو سندوقەکەشدا قاپێکی تیابوو جۆرێک لە شلەمەنی تیابوو، پێشی سندوقەکەش عەدەسەیەکی بچووک قەپاغێکی پێوەبوو کەئەهاتە سەر وێنەکە بەو کەسەی کە وێنەی ئەگرت ئەیوت خۆت ڕێکخە، جاوربارەش خۆی ئەو کارەی ئەکرد یەکسەر ئەیوت سەیری ئەم عەدەسەیە بکە قەپاغەکەی هەڵئەگرت و دایئەنایەوەو کۆتایی بە وێنەگرتنەکە ئەهات. بەنرخێکی گونجاوی سەردەمی خۆی، کەسەکەی بەڕێزو حورمەتەوە بەڕێ ئەکرد.

## تێبینی:

* لەگەڵ ئەوەی وێنەگر بوو، لە وێنەکردنیشدا دەست و پەنجە و قەڵەمێکی باشی هەبوو.



وێنەی کەریم ئاغا باوکی کاک عومەر
بە کامێرای یەحیا ئەفەندی گیراوە

# ئاوڕێک له وێنه‌گره‌کانی شار یه‌حیا ئه‌فه‌ندی



## فازیلی ئه‌مین سامسۆن

منداڵ بووم له‌ساڵانی ٦٠/٥٩ دا یه‌کێ له‌که‌سه نزیکه‌کانم په‌رتوکێکی دامێ که باسی شتنه‌وه‌ی فلیم و چاپکردنی ده‌کرد، دوو سێ جار خوێندمه‌وه به‌ڵام هیچی لێ تێنه‌گه‌یشتم، چونکه به‌زمانی عه‌ره‌بی نووسرابوو، بۆیه هه‌ر ڕۆژێک بچومایه بۆ به‌رده‌رکی سه‌را، چه‌ند کاتم ببوایه له‌به‌ر دووکانه‌که‌ی مام یه‌حیا ئه‌فه‌ندی وێنه‌گر ده‌وه‌ستام، سه‌یری ده‌ستیم ده‌کرد و پێم خۆشبوو فێر ببم.

ڕۆژێک لێی چوومه پێشه‌وه، وتم مامه، به ده‌نگه تۆزه نووساوه‌که‌ی وه‌ڵامی دامه‌وه بڵێ فه‌رموو:

ووتم ئه‌وه چۆن فلیم ده‌شۆرێته‌وه؟ وتی: پاره‌ت پێیه، وتم: نه‌وه‌ڵڵا، وتی: بڕۆ پاره بێنه‌و دوو بوتڵ ده‌رمانه‌که‌یت بده‌مێ له‌دوای سێ چوار ڕۆژ که سه‌د فلسم کۆکرده‌وه، دوو بوتڵ ده‌رمانم لێ کڕی (یه‌کێ له‌ده‌رمانه‌کان وێنه‌که‌ی دیاری ده‌کرد ئه‌وه‌ی تریان ڕاگربوو بۆ ئه‌وه‌ی ڕه‌ش نه‌بێت)، یه‌ک فیلم هه‌شت

وێنەی پێ دەگیرا، پاش ماوەیەک فلیمی دوانزەیش پەیدابوو بەچەند جارێک و هەوڵدان توانیم خۆم فێرکەم کە هەموو جارێک بەهەفتەیەک دەرمان و فیلمم بۆ دەکڕی و بە کامێرایەک وێنەکانم دەگرت کە پێی دەوترا (بۆکس) ئەڵمانی بوو هەر گرفتێک تووشم بووایە ئەوە شەرمم لێی شکابوو دەچووم بۆ لای مام یەحیا بۆم راست بکاتەوە.

هەزار رەحمەت لە قەبرت کە تامابووی چاوساغی گەنجەکانی شاربووی کە زۆریان لە سایەیدا کاری وێنەگرییان کردە کارێکی سەرەکی بۆ پەیداکردنی نان.




# مام یەحیای وێنەگر (مصور)

## نووسینی: سمکۆ

سەرەتای ساڵانی حەفتاکان، ئەوکاتە منداڵ بووم و ئارەزووی ژیان و فێربوونم هەبوو، لەو سەردەمەدا زۆر لە کەرەستەکانی سەرقاڵبوون نەبوون وەک ئێستا لە بەردەستدایە، بۆیە کتێبێک یان گۆڤار یان رۆژنامەیە یان وێنەیەک زۆر جێگای سەرنج و بایەخ بوو.
رۆژێک هاورێیەکم ناوی بەهرۆز ئەحمەد عەبدوڵڵا بوو کە حەزی لە خوێندنەوە و فێربوون هەبوو، وێنەیەکی خۆی پێبوو کە لەسەر پارچە کاغەزێکی ئەستوور وەک شێوەی جام دەرچوو بوو، پیشانیدام، لام جێی بایەخ بوو لێم پرسی ئەوە چۆن کردووتە، وتی: کابرایەکی مصور هەیە ناوی (مام یەحیا) یە لە بازاڕی عەسری دووکانی هەیەو زۆر پیاوێکی باش و بەڕێزە، چووم بۆ لای لەگەڵ هاورێکەم کاتێک چاوم پێی کەوت کابرایەکی بەڕێز لە سەرخۆ قسەخۆش سەری ماش و برنج بوو، پانتۆڵێکی لە بەردابوو لەگەڵ چاکەتێک لە بازاڕی عەسری دووکانێکی هەبوو کە بەفایبەر لەگەڵ ڕاڕەوی خەڵکی جیای کردبۆوە و سەر و دووکانەکەی مام یەحیا دائیرەی بەلەدیە (بەشی خەدەمات) بوو، سەلامم لێ کرد زۆر بەڕێزەوە وەڵامی دامەوە و وتی: ها کاکە بچکۆل چیت دەوێت، وتم: خاڵە گیان من زۆر حەزم لە وێنەگرتنە، پێکەنی وتی: وەک منداڵی من کە هەموو ژیانی خۆم لە سەردانا، پێی وتم: چیت بۆ بکەم، وتم: وێنە چۆن ئەگیرێ، لە دووکانە بچووکەکەیدا چەند کەلوپەلێکی وێنەگرتنی تیابوو، یەکێک لەو کەلوپەلانە کامێرایەکی بە تەختە دروستکراو کە لە





دواوە پەردەیەکی رەشی پێوە بوو لەسەر سێ قاچ دانرابوو، وتی: ئەم ئامێرە لە هەموویان ئاسانتر، وێنەی فەوری پێ ئەگیرێت، ئەمەیان کامێرەی (زینن) ی رووسییە زۆر چاکە، ئەم ئاوە ناوی (ئەیپو) یە بەکاردێت بۆ شۆردنەوەی وێنە، ئیتر رۆژانە سەردانی ئەو کابرا بەرێزەم دەکرد ئەویش کە زانی من زۆرم حەز لە وێنەگرتنە کامێرایەکی کۆنی دامێ کە لەسەرەوە سەیری ئەو کەسەت دەکرد کە وێنەی ئەگریت، فلیمێکی درێژ لەسەر بەکرەیەکی رەش دەخرایە سەری، وتی ئەمە هەدیەی منە بۆ تۆ وامزانی گەورەترین خەڵات کراوم زۆر بەنرخ بوو لام، بەڕاستی هەرگیز بیرم ناچێت بەڵام بەداخەوە نازانم چۆن ئەو کامێرایەم لە دەستچوو کە دیاری کەسێکی وەک مام یەحیا بوو، رۆژانەکەم کۆدەکردەوە و تا دەبوو بەنیو دینار یان دینارێک دەچووم بۆ لای مام یەحیا کارت و فلیم و پێداویستی وێنەگرتنم لێدەکڕی، ئەو پیاوە بەخشندەیە پارەی زۆر کەمی لێ وەردەگرتم و فێری دەکردم کە چۆن وێنە چاپ بکەم، مام یەحیا بە لە هجەیەکی خۆش دەدوا کوردی و وشەی عەرەبی تێکەڵ دەکرد، ئامۆژگاری ئەو کەسانەی دەکرد کەسەردانیان دەکرد، قسەی خۆشی بۆ دەکردن بەسەرهاتی زۆر خۆشی لابوو کە بۆ هاوتەمەنەکانی خۆی دەگێڕایەوە، پیاوێکی فەقیر بوو، رۆژگار هاوکاری نەکرد تاکو دووکانێکی گەورەی هەبێ و هەموو ئاواتەکانی وێنەگری تیا بێنێتەدی.

مام یەحیا پێشەنگی وێنەگرەکانی سلێمانی بوو، کارەکانی زۆر بەوەستایانەو شارەزایانە دەکرد، ئەگەر ئەو پیاوە رۆژگاری ئەمڕۆ بوایە ئەوا دڵنیام فۆتۆگرافەرێکی سەرسوڕهێنەر بوو.

# کامێرای فۆتۆگراف لە سلێمانی

ئەکرەمی ساڵحی ڕەشە لە کتێبی (سلێمانی) دا دەڵێ: یەکەم ئامێری وێنەگرتن لە لایەن حسێن حوزنی موکریانی و کابرایەکی لوبنانییەوە هێنرایە سلێمانی و شێخ لە تیفی دانسازیش لێیکڕین، لە زەمانی شێخ مەحموددا بۆ ئیش و کاری خۆیان بەکاریان دەهێنا، وەک گرتنەوەی نووسین (استنساخ). پاشان ئەو ئامێرەی فرۆشت بە یەحیا ئەفەندی ڕەسام. ئیتر ئەو هەر بۆ وێنەگرتن بەکاری دەهێنا، هەروەها لە دواتردا و لە سلێمانی حوسێن حوزنی موکریانی کامێرایەکی دیکەی فرۆشتۆتە شێخ لەتیفی دانساز.







*** ئەو وێنەیەی یەحیا ئەفەندی کە لەبەرگی یەکەمی ئەم کتێبەدایە لەناو ستۆدیۆکەی خۆیدا گیراوە، لە لایەن بەڕێز ئەکرەمی ساڵحی ڕەشەوە لە دەستی کاک سەلاحی جان پێم گەیشتووە، زۆر سوپاسیان ئەکەم.**

**ڕەئووف شێخ جەمیل**







مامۆستا محەمەد فەریق حەسەن – چیرۆکنووس

قوتابخانەی سەرەتایی کشتوکاڵی کوڕانی قەرەداخ، پۆلی شەشەم.. وێنەیەکی شەمسی خۆم، کە بۆ تاقیکردنەوەی وەزاریی پۆلی شەشەم، بە کامێرای یەحیا ئەفەندی گیراوە . لەو تەمەنەوە تا ئێستا، مێژوویەکی جەنجاڵ هەیە، بە چەند کتێبێک ئەوجا دەنووسرێتەوە .






بەڕێز مستەفا چاوڕەش

وێنەی منداڵی بە ڕێز مستەفا چاوڕەش ساڵی ١٩٥٨
بە کامێرای یەحیا ئەفەندی گیراوە،
بە ڕێزی پێشکەشی ئەم کتێبەی کردووە.







دادوەر بەڕێز تەها بابان



دوو وێنەی منداڵی بەڕێز دادوەر تەها بابان کە بە کامێرای یەحیا ئەفەندی گیراون،
بە ڕێزی پێشکەشی ئەم کتێبەی کردووە



# وێنەی هەندێ
# لەو گۆڤارانەی کە لەسەر
# یەحیا ئەفەندی نووسیویانە



سلێمانی
ژمارە:48-بۆلیۆی 2004

## ئەو پیاوانەی کەخزمەتی شاریان کردووە

### یەحیا فەندی وێنەگری هەرە بەناوبانگی شارو پیاوی منەوەری سەردەمانی خۆی

*لەموتەرجیمی ئینگلیزەکانەوە بۆ رەسامی ناوشار

*ئەم پیاوە حەوت زمانی بەڕەوانی زانیوە

*زۆربەی بنەماڵەکانی شار دۆستی ئەم پیاوەبوون و لەماڵەکانیاندا وێنەیان بەم گرتووە

نەسرین یەحیا سەعید*

ناوی تەواوی یەحیافەندی کوڕی سەعید ئەفەندی کوڕی کەریم ئاغا بوو، لەگەڕەکی مەلکەندی لەبنەماڵەیەکی خوێندەوار ساڵی ١٨٨٩ لەدایکبووە، پیاوێکی زیرەك و خوێنەوار بووە، لەساڵی ١٩٢٠دا وەك موتەرجیم لەلای (حاکمی عەسکەری مێجەرسۆن) کاری کردووە. لەساڵی ١٩٢٤دا بۆ یەکەمجار ئامێرێکی رەسمگرتنی شەمسی هێناوەتە شارو لەناوبازاڕی شاردا دەستی بەوێنەگرتن کردووە بۆ هەموو ئەو کەسانەی کەئیشوکاری رەسمی یان شەخسییان هەبووە، زۆر لەبنەماڵە گەورەکانی شار بانگیان کردۆتە ماڵەوەو وێنەی ژن و خێزانەکانیان پێگرتووە، کەتا ئێستاش لەئەلبوومی زۆر لەو خێزانانەدا ماونەتەوە. لەسەردەمی خۆیدا تێکەڵ بەسیاسەت و کوردایەتی بوو، فەرمانی لەسێدارەی بۆ دەرچووە کە لەدواییدا حوکمەکەی کەمکراوەتەوەو چەند جاریش گیراوە، لەوانە لەبەندیخانەی بەغدادا دوو ساڵ ماوەتەوەولەدوای ئازادکردنیشی نەیانهێشتووە بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی، هەر لەوێشداو لەگەڕەکی (باب الشیخ) دەستیکردۆتەوە بەکاری وێنەگرتن بەئامێری شەمسی و لەشاری بەغدادیش برەوی بەو کارەداوە، لەساڵی ١٩٣٨دا رێگەدراوە کەبگەڕێتەوە بۆ کوردستان و چۆتە شاری هەولێرو دەستیکردۆتەوە بەکاروپیشەکەی خۆی، بەلام لەبەرئەوەی بازاڕی وێنەگرتن لەوێدا سارد بووە لەساڵی ١٩٣٩دا گەڕاوەتەوە بۆ شاری سلێمانی و بەردەوام بووە لەسەر کارەکەی، ئەم پیاوە کەجگە لەکوردی ٧زمانی زانیوە، لەوانە ئینگلیزی، تورکی، عەرەبی، روسی، فەرەنسی، سریانی و کلدانی. هەروەك چۆن لەزماندا زانا بووە، لەئیشوکارەکەی خۆیشیدا شارەزابووە، ئەو ئامێری رەسمگرتنەی کەبەکاری هێناوە لەو سەردەمانەدا زۆربەی جار کەتێك ئەچوو خۆی پارچەکانی بۆ دروست ئەکردو تازەی ئەکردەوە، لەپاش گەڕانەوەی بۆ سلێمانی لەدوکانێکدا کاری ئەکرد کەکەوتبووە بەردەرکی سەراو لەدوایشدا دوکانەکەی گواستەوە شەقامی مەولەوی نزیك باخچەی گشتی، کە لەبەهاران و هاویناندا ئەو باخچەیە ئەبووە جێگەی سەیرانگاو ئێواران بەسەدان کەس لەگەنج و پیر رووی تێئەکردو لەهەفتەی جارێکدا تایبەت بوو کەڕۆژی ژنان چەندین خێزان بەبەرگی ئالاو والای کوردییەوە روویان تێئەکردو خواردنیان لەو سەیرانگایەدا ئەخواردو تا ئێوارەیەکی درەنگان بەگۆرانی و هەڵپەڕکێ رایان ئەبوارد. لەو باخچەیەدا یەحیا فەندی بەسەدان وێنەی تاك و کۆمەڵی گرتووە، کەبەداخەوە، لەدوای داگیرکردنی سلێمانی لەشۆڕشی ئەیلولدا کاتێ کەسوپا دەستی بەسەر دوکانەکەیدا گرت زۆربەی زۆری ئامێرو هەموو ئەو وێنانەش تالانکران و دوکانەکەی یەحیا فەندیش وەك زۆربەی دوکان و ماڵ و شوێنە گشتییەکانی شار بەر ئەو شالاوە کەوت، کەچەند جارێك لەو شالاوانەدا گیرا بەتایبەتی لەڕۆژی رەشی ٩ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٣دا، بۆیە کاتێك ئازادکرا نە دوکانەکەی مابوو، نە ئامێرو ئارشیفەکانی و پیریش لای لێبڕیبوو ئیتر بەردو دەستکورتی و هەژاری چوو. یەحیا فەندی رەسام لەژیانیدا سێ ژنی هێنابوو، یەکەمیان (ئامینەخان) کەخوشکی خوالێخۆشبوو سەعید قەزاز بوو. دووەمیان (جەمیلەخان) کەبەڕەچەڵەك خەڵکی (وان) بوو لەکوردەکانی تورکیا بوو کە لەڕۆژی (١٩٩٠/١/٣١)دا کۆچیدوایی کردو سێیەم ژنی (عایشەخان) لەعەشیرەتی ئارکەوازی خانەقین بوو، کەچوار کچ و سێ کوڕی لێی هەیەو تا ئێستاش لەژیاندایە.

ماوەتەوە ئەوە بڵێین کەئەم پیاوە زۆر حەزی بەشارستانێتی کردووەو سەرو سەختی لەگەڵ ژیانی مەدەنیەتدا هەبووەو سڵی لەزۆر نەریتی نوێخوازی و پێشکەوتنخوازی و شارستانیەت نەکردۆتەوەو زۆرجار کاری وایکردووە، کەهەموو کەسێك لەو رۆژگارەدا نەیتوانیوە بیکات و ئەم کردویەتی و گوێی نەداوە بەهەندێ دابونەریتی کۆن و دواکەوتوو، دیارە لەم بوارەدا پیاوێکی نەترسبووەو گوێی نەداوەتە قسەو قسەڵۆکی خەڵکی دواکەوتوو!.

بەداخەوە لەپاش تەمەنێکی دووردرێژ لەڕۆژی (١٩٧٦/١٠/٩)دا کۆچیدوایی کردووەو پاش ئەوەی ماوەیەکی زۆر لەخزمەتی ئارشیفی ئەم شارەو دەوروبەریدا بووە بەپیشەکەی کەوێنەگرتن بوو، هونەری وێنەگرتنیش بەشێکە لەنووسینەوەی بەڵگەی مێژوویی.

*کچی خوالێخۆشبوو یەحیا فەندی رەسام

13

گۆڤاری سلێمانی ژمارە ٤٨
لە نووسینی نەسرین یەحیا ئەفەندی، کە باسی ژیانی یەحیا ئەفەندی باوکی دەکات



وێنەگرێکی دێرینی ئەم شارە

عوسمان حاجی محەمەد

# باس لەوێنەگرتن و ئامێری رەنگاورەنگ و چەندین بەسەرهاتی خۆی ئەکات

ئا/ئەندازیار
عومەر محەمەد مەحمود

لەو باوەڕەدا نیم کەدوو کەس ناکۆکبن لەوەی کەوێنە راستگۆترین شایەتحاڵی مێژووی مرۆڤایەتی، شارستانیتی سەر رووی زەمینە، هەر لەوێنەی دەستکردی ئەشکەوت و چیاکانەوە تا ئەمکاتە، ئەو تازەگەریی و پێشکەوتنەوەی کەئەمڕۆ هونەری وێنەگرتنی جووڵەو ناوجووڵە بەخۆوە ئەبینێ.

هەر بۆ مێژووی وێنەگرتن و کامێراو بەسەرکردنەوەی وێنەی رەش و سپی و رەنگاورەنگ لەشاری سلێمانی سەردانی یەکێك لەوێنەگرە دێرینەکانی ئەم شارە بکەم تا لەنزیکەوە لەرێی چاوپێکەوتنێکەوە کەپێکەوە ئەنجامماندا وێنەرانی ئەم گۆڤارە خۆشەویستە ئاگاداربن لەمێژووی وێنەگرتن و وێنەگرانی دێرینی شارو ئەو ئامێرانەی ئەو هونەرەی پێکراوە، کەئەویش

کاک عوسمانی حاجی محەمەد خاوەنی وێنەگری (یادگارە) کەلەوەڵامی پرسیارە زۆرەکانی منەوە سەبارەت بەکارەکەی کاک عوسمان ئەم زانیارانەی پێبەخشیم لەگەڵ چەند یادگارییەکی خۆش وەك بەسەری هاتووەو گوتی:

-بەهۆی ئەوەی کەدوکانەکەی رەحمەتی باوکم و رەسمخانەکەی خوالێخۆشبوو یەحیا فەنی رەسمچی نزیکی یەکبوون لەشەقامی (ئۆرزدی) نزیك بانکی ئێستای رەشید، هەر لەمناڵیەوە سەردانی رەسمخانەکەم ئەکرد، لەوکاتەوە خولیای هونەری وێنەگرتن بوم، بۆیە لەسەر حەزی خۆم رەزامەندی باوکی رەحمەتیم لەساڵی (١٩٥٢) بوومە شاگردی یەحیا فەنی بەرۆژانەی عانەیەك (٤ فلس) هەرچەندە کارەکە زۆر قورس بوو رۆژانەکەش زۆر کەمبوو، بەڵام ئەوەی کەهاندەرم بوو بەردەوام بووم چێژوەرگرتن بوو لەوکارە قورسە هەروەها ئەوەی کەبەجاری کارەکەی قورس و گرانکردبوو بێ کارەبایی بوو ئاشکرایە کەرەسەی سەرەکیە بۆ وێنەگرتن کارەبایە کارەبای ئەوکاتەی شاریش لەرێگەی مۆلیدەیەکەوە بوو لەگەڕەکی

کاک عوسمان لەستۆدیۆکەی خۆیدا

٣٥


سلێمانی ١٠٨

تشرینی یەکەم ٢٠٠٩

گۆڤاری سلێمانی ژمارە ١٠٨ نووسینی ئەندازیار عومەر محەمەد مەحمود، چاوپێکەوتن لەگەڵ کاک عوسمانی ستۆدیۆ یادگار کە باسی ئیشکردنی لەگەڵ یەحیا ئەفەندی دەکات

## ژیان و چەند شیعرێکی بڵاونەکراوەی

# یەحیا ئەفەندی وێنەگر



رەئوف شێخ جەمیل

**پێشەکی:**

شاری سلێمانی چەندین کەلە پیاوی مەزن و پیاوی ئەدیب و شاعیری تیا هەڵکەوتووە، هەتا ئێستاش زۆربەیان ناویان لەسەر زاری خەڵکی سلێمانی و کوردستانی رۆژهەڵات و باشورەو بەرهەمەکانیان بەچاپ گەیەنراوەو لەفەوتان رزگاریان بووە، ئەوانەش بەهۆی دڵسۆزی کەسوکاریان و دڵسۆزی ئەدیبان و پیاو چاکانەوە یان نەوەکانیانەوە بووەو زۆربەشیان خۆیان و بەرهەمەکانیان لەناوچوون و روناکیان نەبینیووە، ئەوانەش گەنجینەیەکی گەورە بوون لەکیسی کەلتوورو ئەدەبیاتی کوردی کەوتون.

یەکێک لەو کەسایەتیە دڵسۆزو نیشتمانپەروەرانە کەسایەتیەکی شاری سلێمانیە کە لەسالانی جەنگی جیهانی یەکەمەوە رووی کردۆتە شاری سلێمانی و دەستیکردووە بەکاری هونەری و خزمەتێکی باشی ئەم شارە مەزنەی کردووە، ئەویش بەهۆی چاوی کامێراکەیەوە بووە کە وێنەی چەندەها کەسایەتی مەزنی ئەم شارەی گرتووە، نەیهێشتووە وێنەکانیان لەناو بچن و هەتا ئێستا دەستاو دەست هاتوون و کەوتونەتە دەست نەوەی ئەمڕۆو زۆربەیان لەکتێب و گۆڤارەکاندا بڵاوبونەتەوە وەک ئەرشیفێکی بەکەڵکی ئەم شارە پارێزراون.

یەحیا سەعید کەریم ئاغا کە ناسراوە بە(یەحیا فەنی) وێنەگر، یەکێکە لەو وێنەگرە دێرینانەی شاری سلێمانی کە لەپێش سالانی چلەکانەوە وێنەی شارو کەسایەتیە مەزنەکانی ئەم شارەی گرتووەو لای خۆی پاراستوونی، یەکێک لەو کەسایەتیە مەزنانە (شێخ مەحموودی نەمر) بووە، کە چەندەها وێنەی گرتووەو پارێزراوە، هەتا ئەمڕۆ وێنەی خۆیان و خێزانەکانیان لەبەر دەستی بینەران و خوێنەراندایە، وەک کامێرا بە دەستێکی ئەم شارە وێنەی خێزان و کەسایەتیەکانی ئەم شارەی گرتووە، (حەپسە خانی نەقیب) یەکێکی ترە لەو کەسایەتیانەی ئەم شارە، کە یەحیا سەعید وێنەیەکی زۆری گرتووە.

یەحیا ئەفەندی، جگە لەکاری وێنەگری، چەندین شیعری جوان و پڕ مانای نووسیووەو هەمیشە دژایەتی دوژمنانی گەلەکەی کردووە، ناسۆری دەروونی دەربڕیوەو کڵ کۆی دڵی خۆی دامرکاندۆتەوە، بەڵام بەداخەوە تەنها چەند پارچە شیعرێکی لەفەوتان رزگاربوون ئەویش بەهۆی کوڕە بچوکەکەیەوە بەناوی کاک سالار چەند وێنەیەک و چەند پارچە شیعرێکی پاراستوون و منیش بەهۆی یەکتر بینینی و قسەو باسەوە هاتینە سەر ئەوەی کە بەرهەمەکانی باوکی زیندوو بکەینەوە، بە رێژەی زۆر

رۆژی سلێمانی
ژمارە ٣٦-٣٧ پایز و زستانی ٢٠١٥
١٣٤

گۆڤاری ڕۆژی سلێمانی ژمارە ٣٦- ٣٧
لە نووسینی ڕەئووف شێخ جەمیل، دەربارەی ژیان و چەند شیعرێکی بڵاونەکراوەی یەحیا ئەفەندیی وێنەگر

# وێنە و
# بەڵگەنامە




وێنەی پێناسی باری شارستانیی یەحیا ئەفەندی


رقم المحفظة /

رقم الشهادة ٧٣٣٧٩١

التاريخ

شهادة الجنسية العراقية

بناء على تحقق اكتساب
المثبتة صورته الشمسية اعلاه الجنسية العراقية وفق
المادة (   ) من قانون الجنسية العراقية فقد
منح هذه الشهادة .

مدير الجنسية

الطوابع ٦٢٥ فلسا


١ ـ محل وتاريخ ولادة حامل الشهادة
٢ ـ الجنسية السابقة
٣ ـ الديانة
٤ ـ العلامات الفارقة
٥ ـ اسم الأب الكامل
٦ ـ محل ولادته
٧ ـ اسم الأم الكامل
٨ ـ محل ولادتها
٩ ـ تبعة الأب الاصلية وجنسيته الحالية
١٠ـ تبعة الأم الاصلية وجنسيتها الحالية

الملاحظات ( تكتب بالحبر الاحمر )

توقيع حامل الشهادة ـــــــ بصمة ابهام اليد اليسرى



وێنەی ڕەگەزنامەی یەحیا ئەفەندی



تاريخ الولادة اليوم الشهر السنة

١٨٨٩ ( رقماً وكتابةً )

سند التاريخ المذكور

٩٤٧

التصحيحات

رقم القرار تاريخه مصدره

وێنەی ساڵی لە دایکبوون و ژمارەی تۆماری یەحیا ئەفەندی




وێنەی بەرگی پاسپۆرتی یەحیا ئەفەندی ساڵی ١٩٣٦


3—٣

PHOTOGRAPHIE— التصوير الشمسي

FEMME وزوجته | PORTEUR حامل الباسبورت


توقيع زوجته او بصمة ابهامها الايسر
Signature de la femme ou son empreinte digitale.

توقيع حامله او بصمة ابهامه الايسر
Signature du porteur ou son empreinte digitale.

يحيى حلمي

3

وێنەی پاسپۆرتی یەحیا ئەفەندی ساڵی ١٩٣٦
لای خوارووی پاسپۆرتەکە نووسراوە (یەحیا حیلمی)
وەک بەڵگەیەک بۆ نازناوی


١—١

Ce passeport contient 32 Pages.

يشتمل هذا الجواز على ٣٢ صفحة

PASSEPORT باسبورت

ROYAUME D'IRAK المملكة العراقية

رقم الباسبورت / No. du passeport: 2677 = ٢٦٧٧

اسم حامله / Nom du porteur: يحيى سعيد كريم اغا / Yahia Said Karim Agha

اسم زوجته / Nom de sa femme:

عدد الاولاد / Nombre d'enfants:

الجنسية / Nationalité: عراقي ولادة / Irakien en Naissance

وێنەی لاپەڕەی ناو و ژمارەی پاسپۆرتەکەی یەحیا ئەفەندی



4—٤

Pays pour lesquels ce passeport est valable.

الممالك التي يجوز الدخول اليها بهذا الباسبورت

Turquie


تركيا

Ce passeport expire le :— ينتهي العمل بهذا الباسبورت في


١٧ تموز ١٩٣٦

17 juillet 1936


وێنەی لاپەڕەی وەرگرتنی ڤیزە بۆ گەشتی تورکیا ساڵی ١٩٣٦




وێنەی دوو لاپەڕەی پاسپۆرتەکەی یەحیا ئەفەندی




وێنەی ئەو زەرفەی کە یەحیا ئەفەندی فیلم و وێنەکانی
تیا پاراستووە بۆ خەڵک، ئەمەش بەڵگەیە بۆ ستۆدیۆ ئەتڵەس
کە لە شاری کەرکوک دووکانی هەبووە




وێنەی زەرفی فیلم و وێنەکانی یەحیا ئەفەندی ساڵی ١٩٥٧ کە لە سلێمانی ستۆدیۆی هەبووە، لای سەرووی زەرفەکە مۆری ستۆدیۆکەیەتی



# وێنەی
# یەحیا ئەفەندی و
# چەند کەسایەتییەکی شار



یەحیا ئەفەندی و سەگەکەی ( قەستۆر )




یەحیا ئەفەندی لە سەردەمی ئینگلیزەکان بە جلی ئەفسەرییەوە



یەحیا ئەفەندی و سالاری کوڕی بە منداڵی



یەحیا ئەفەندی لە ماڵەکەی خۆی



یەحیا ئەفەندی



یەحیا ئەفەندی لەگەڵ کەسایەتییەکی شاردا



یەحیا ئەفەندی لە گەڵ چەند کەسایەتییەکی شاردا



یەحیا ئەفەندی لە گەڵ چەند کەسایەتییەکی شاردا



# وێنەی چەند کەسایەتییەکی شار
# بە کامێرای
# یەحیا ئەفەندی گیراون

# پەیڤێک بۆ ئەم وێنانە



کاک سەلاحی جان

کاتێک دەستمدایە ئەم نووسینە، کاک سالاری یەحیا ئەفەندیم تێگەیاند، ئەویش بەدڵێکی فراوانەوە چی وێنە و فیلمی پارێزراوی باوکی هەبوو، هەمووی بۆ هێنام، منیش بردم بۆ بەڕێز کاک سەلاحی جان خاوەنی وێنەگری جان، کە هاوڕێی خۆشەویستمە، ئەویش لە ماوەیەکی کەمدا هەموو وێنە کۆنەکان و فیلمە کۆنەکانی بە کۆمپیوتەر بۆ پاککردمەوەو بۆی خستمە سەر کارت و وێنەکانی زیندوو کردەوە، سوپاس و پێزانینی زۆرم بۆ کاک سەلاح، بە ڕاستی ماندوو بوو لە گەڵما.

یەحیا ئەفەندی ئەتوانم بڵێم بەهەزارەها وێنەی خەڵک و کەسایەتی شار و دەرەوەی شار و وێنە گشتییەکانی شاری هەموو گرتووە، بەڵام چەند وێنەیەک دەخەمەڕوو کە فیلمەکانی لای کاک سالار پارێزراون، وەکو بەڵگە کە گرتەی یەحیا ئەفەندین، چەند کە سایەتییەکی ناسراوی میللەتەکەمانم خستەڕوو، ئەم وێنانەش ئەوە دەگەیەنن کە یەحیا ئەفەندی زۆر ماندوو بووە تاکو وێنەی ئەم کەسایەتیانەی گرتووە و لای خۆی پاراستوونی، هەروەکو خۆی ئەڵێ: بۆ ئەوەی دوا ڕۆژ سوودی لێ ببینرێ.
خستنەڕووی ئەم وێنانەش مشتێکە لە خەرمانی کردوکۆی ئەو پیاوە بلیمەتە ماندووە کە شەو و ڕۆژ هەتا مردنی خۆی لەگەڵ چاوی کامێرادا هاوڕێ بووە.



شێخ مەحموود، شێخ لەتیف، شێخ کاوە



مەحموودخانی دزڵی



شێخ عەلائەدینی بیارە




شێخ عەبدولکەریمی کرپچنە


رەئیسی عەشیرەتی أباعبید
شێخ کریم شێخ محمود عادل



شێخ عوسمانی سیرێ



حاجی کەریم بێکراس



حسێن حوزنی موکریانی




شەهید عەزیز ئەترووشی



حەپسەخانی نەقیب



ئافرەتێکی سلێمانی



ڕەحمەخانی خێزانی خولە پیزە



خوله پیزه و تایەری برای



خولە پیزە و تایەری برای



































مدرسة الصنائع في سليمانية









ئەم تابلۆیە دەستکردی هونەرمەندی کۆچکردوو خالید زامدارە، یەحیا ئەفەندی وێنەی گرتۆتەوەو چەندەهای لێ چاپ کردووەو وەکو کارتی جەژنە پیرۆزە فرۆشتوویەتی



# وێنەی ئەو فیلمانەی کە لەم کتێبەدا بڵاوکراونەتەوە







STUDIO ATLAS
PHOTO YAHYA SAID
CLEANING, DEVELOPING
& ENLARGING FILMS


STUDIO


ستوديو اطلس
الصور يحي سعيد
غسل ، طبع ، تكبير الأفلام
STUDIO ATLAS
PHOTO YAHYA SAID
CLEANING, DEVELOPING
& ENLARGING FILMS
ستوديو يحي سعيد
غسل طبع وتكبير الافلام
Develop, Printing, &
Inlargement


STUDIO ATLAS
PHOTO YAHYA SAID
CLEANING, DEVELOPING
& ENLARGING FILMS




گۆڕی خوالێخۆشبوو یەحیا ئەفەندی وێنەگر لە گۆڕستانی سەیوان

ئێمە وەك بنەماڵەی خوالێخۆش بوو
باوکمان (یحیی ئەفەندی مصور)
ئەو شەرەفەمان دا بە برای بەڕێزمان
کاك شێخ رەئوف شێخ جەمیل
کە ئەو ئەرکە بگرێتە ئەستۆی خۆی
بە بڵاوکردنەوەی ژیاننامەی باوکمان
وەك وێنەگرێکی کۆنی شاری
سلێمانی بە هاوکاری کردنی چەند بابەتێك
وەك سەرچاوە بۆ ئەو باسە.
ئێمە سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی
کاك رەئوف دەکەین و بە ماندوو بونی
دەزانین و دەستەکانی خۆش بێ و
تەمەن درێژبێ بۆ خزمەت کردنی
شارەکەمان،



# سوپاس‌و پێزانینم

بۆ برای بەڕێزم کاک سالاری یەحیا ئەفەندی کە هاوکاری تەواوی کردم بۆ نووسینی ئەم کتێبە کە کۆمەڵێک وێنە و فیلم و چەند پارچە شیعر و ژیاننامەی بۆ هێنام، قسەکردن لەگەڵ خوشکەکان و کەس و کاری بە ڕاستی هیلاک بوون لە گەڵم، ئەم کتێبەم زیاتر بە بەرهەمی ئەوی ئەزانم.
هەروەها مامۆستای بەڕێزم (عەتا قەزاز) کە ماندوو بوو لەگەڵم بۆ قسەکردن و کێشانی چەند وێنەیەکی باپیری.
زۆر سوپاسی بنەماڵەکەیان دەکەم کە شەرەفی نووسینی ئەم کتێبەیان پێبەخشیم لەگەڵ هاوکاری و ماندووبونی زۆریان.

**ڕەئووف شێخ جەمیل**